# پلانی فێرکاریی هاوچەرخ

# بۆ

# زارۆخانە

کۆمەک

2009

پلانی فێرکاریی هاوچەرخ بۆ زارۆخانە

ڕێکخراوی کۆمەک

هەولێر 2009

تەرجەمەکراوە لە زمانی نۆروێژییەوە

سەرچاوە

Utgitt av:
Kunnskapsdepartementet, april 2006
Heftet kan kjøpes gjennom
Akademika AS
Pb. Blindern, N-0134 OSLO
Telefon: +47 22 18 81 99
Telefax: + 47 22 18 81 01
www.akademika.no
Design: Tank Design as
Trykk: RK Grafisk AS
Opplag: 50 000
F-4205 B
Foto: Sveinung BråthenFastsatt av Kunnskapsdepartementet 1. mars 2006

# پلانی فێرکاریی هاوچەرخ بۆ زارۆخانە

# پێڕست


ئەرکی زارۆخانە 8

بەشی یەکەم 9

ئامانجی سەرەکیی زارۆخانە 9

1.1 ئامانجی زارۆخانە 9

1.2 زارۆخانەی تایبەت 10

1.3 بەهای بنەرەتیی زارۆخانە 10

1.4 – منداڵ و منداڵەتی 12

1.5 بەشداریی منداڵ 13

1.6 هاریکاریی خێزان 15

1.7 زارۆخانە وەک دەزگەیەکی فێرکاری. 18

1.9 منداڵ وەک تاک 20

1.10 زارۆخانە بۆ منداڵانی نەتەوە و دینی جیاواز 22

بەشی دووهەم 23
ناوەرۆکی پلانی فێرکاریی هاوچەرخ بۆ زارۆخانە 23
چاودێری، گەمە و فێربوون 24
2.1 چاودێری و پەروەردە 25
2. 2 گەمە 27
2.3 فێربوون 29
2.4 توانای جڤاکی 31
2.5 توانای زمانزانی 33
2.6 زارۆخانە وەک بوارێکی فەرهەنگی 34

بەشی سێهەم 36
بواری وانە 36
3.1 دانوستان، زمان و تێکست 37
3.2 لەش، جووڵە و ساخلەمی 39
3.3 هونەر، فەرهەنگ و داهێنان 41
3.4 سروشت، ژینگە، تەکنیک 43
3.5 ئاکار، دین و فەلسەفە 45
3.6 ژینگەی دەوروبەر و جڤات 46
3.7 ژمارە، شێوە و ئەندازە 48

بەشی چوارەم 50

پلان دانان و هاریکاری 50

4.1 پلان دانان 51

4.2 دۆکیومێنتبەندی و تۆماری زارۆخانە 54

4.3 هەڵسەنگاندنی کاری زارۆخانە 55

بەشی پێنجەم 57

هاریکاری 57

5.1 خوێندنی بنەرەتی 57

5.2 خزمەتگوزاریی دەزگەی چاودێریی منداڵ 59

5.3 بنکەی ساخلەمی 60

5.4 خزمەتگوزاریی فێرکاریی – دەروونناسی 60

5.5 دەزگەی فێرکاری 61

5.6 هاوکاری دیکە 61

## پێشەکی

ڕێکخراوی «کۆمەک» ئەم بەرهەمی «پلانی فێرکاریی هاوچەرخ بۆ زارۆخانە» یەی لە زمانی نۆرویژییەوە تەرجەمەی کوردی کردووە، لێرەو لەوێ وردە دەستکاریی کردووە بە مەبەستی گونجاندنی لەگەڵ هەلومەرجی کوردستاندا.

پلانی فێرکاریی هاوچەرخ بۆ زارۆخانە هەم ناوەڕۆک و بەهای بنەڕەتی، هەم شێواز و سنووری کاری زارۆخانەی دیاری کردووە. لەم پلانی فێرکارییەدا هەم قانوونی تایبەت بە زارۆخانە و هەم پەیماننامەی جیهانی، بە تایبەتی پەیماننامەی زارۆکانی UN ساڵی 1989 ڕەچاو گیراون.

پلانی فێرکاریی زارۆخانە بۆ:

- پەرلەمانی کوردستانە ببێتە سەرچاوی ڕامان و سەرنج
- وەزارەتی فێرکاری (پەروەردە و خوێندنی باڵا) ی کوردستانە ببێتە سەرچاوەی بڕیاری پێویست
- کارمەندانی زارۆخانەیە، وەک ئامرازێک بۆ پلان دانان، دۆکیومێتبەندی و هەڵسەنگاندن.
- بۆ خێزانە زانیاری لێ وەربگرن دەربارەی چۆنیەتیی بەڕێوەبردن، دەرفەتی بەشداری و بڕیار دان لە زارۆخانەدا.
- خاوەن و بەڕێوەبەرانی زارۆخانەیە پلانی کاری خۆیانی لێ دارێژن.
- شارەوانی و فەرمانگەی دیکەی حکوومەت ئەرکی چاودێریان لە ئەستۆیە
- بۆ مێدیای کوردستانە کاری لەسەر بکات

## ئەرکی زارۆخانە

### زارۆخانە دەبێ بە هاوکاری لەگەڵ خێزاندا دەرفەتی گەشەی دروست بۆ منداڵی ژێر تەمەنی خوێندن تەرخان بکات.

ئەرکی زارۆخانە:

- دابین کردنی پەروەردە و چاودێرییەکی گونجاوە بۆ منداڵ لە کەشێکی فێرکاریی لەباردا
- شوێنێک بێت هەم بۆ فێرکاریی منداڵ و هەم بۆ ئاسوودەگیی خێزان
- پشتیوانی یەکبەیەکی منداڵان بێت
- ڕێز لە منداڵ بگرێت و بەرژەوەندی جڤاتیش ڕەچاو بگرێت
- زەمینەی گەشە بۆ منداڵی ژێر تەمەنی خوێندن دەستەبەر بکات
- هاندەرێک بێت بۆ بارهێنانی کەسایەتییەک ئامادەی بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەی فیزیکی و دەروونی هەبێت
- منداڵ فێری بەشداری بکات لە جڤاتدا
- پێداویستیی فیزیکی، جڤاکی، فەرهەنگی و هونەری بۆ منداڵ دەستەبەر بکات
- توانا و ئاستی منداڵ ڕەچاو بگرێت
- پاراستنی ساخڵەمیی منداڵ
- کار بۆ یەکسانیی زایەند.

جڤاتی کوردستان پێکهاتەیەکی تێکەڵە لە فەرهەنگ، نەتەوە، دین و ڕێچکەی دینی جیاواز. ئەو تێکەڵییە جڤاکیە دەبێ لە زارۆخانەیش ڕەنگ بداتەوە. هۆکارەکانی ئابووری، جڤاکی، زایەند، دینی و زمان لە نێو جڤاتدا وا دەکات منداڵ بە ئەزموونی جیاوازەوە بێتە ناو زارۆخانە. زارۆخانە پشتیوانی هەموو منداڵێک دەکات بێ جیاوازیی کەسایەتی و فەرهەنگی.

بەشی یەکەم

# ئامانجی سەرەکیی زارۆخانە

## 1.1 ئامانجی زارۆخانە

- ئامانجی زارۆخانە ڕەخساندنی دەرفەتی چالاکییە بۆ منداڵی ژێر تەمەنی خوێندن. ئەم کارە دەبێ لە نێزیکەوە بە تێگەیشتن و هاوکاریی خێزان جێبەجێ بکرێت.
- بەڕێوەبردنی زارۆخانە دەبێ پێبەند بێت بە جاڕنامەی مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان.

پەیماننامەی جیهانی جەخت لەوە دەکەن خێزان بەرپرسی یەکەمی پەروەردە و بار هێنانی منداڵە. بڕیاری نێونەتەوەیی ڕێگرن لە چەوساندنەوەی دینی و فەرهەنگی. دەستووری کوردستانیش دەبێ هەروەها بێت. منداڵ نابێت لە زارۆخانەدا بە زۆر ئاڕاستەی دینێکی تایبەت یان دژ بە دینێکی تایبەت بکرێت. زارۆخانە دەبێ هەستیار بێت و نەهێڵێت منداڵ بکەوێتە ناو کێشەی جیاوازیی جیهانبینیی ماڵ و زارۆخانەوە.

## 1.2 زارۆخانەی تایبەت

یاسای زارۆخانە ڕێگە دەدات بە دامەزراندنی زارۆخانەی تایبەت و زارۆخانەی دینی. زارۆخانەی تایبەت دەبێ وەک هەموو زارۆخانەیەکی دیکە پەیرەوی دەستووری وەڵات بێت. لەو چیوەیەدا بۆی هەیە تایبەتمەندیی خۆی بپارێزێت بە پێی بڕیارنامەی دیاریکراو. هەموو زارۆخانەیەک، حکوومەتی، تایبەتی و دینی، دەبێ پێبەندی پلانی فێرکاریی زارۆخانە و هەموو قانوون و ڕێسا، فەرمان و بڕیارێکی زارۆخانەی گشتی ببن.

## 1.3 بەهای بنەڕەتیی زارۆخانە

دەبێ بەڕێوبەری، پەروەردە و فێرکاری لە زارۆخانەکاندا ببنە هاندەرێک بۆ یەکسانیی زایەند، ئازادیی بیر، لێبوردن، لێک گەیشتن، ساخڵەمی و پێشکەوتنی بەردەوام.

زارۆخانە دەبێ گرینگی بدات بە بەهای بنەڕەتیی وەک، پێکەوە گونجان، چاودێری، بەرپرسایەتی، ڕێز بۆ مرۆڤایەتی و مافی جیاوازبوون، یەکسانیی مرۆڤ، بەرابەریی زایەند، ئازادیی تاک و لێبوردن.

یەکسانیی نێوان زایەندی نێر و مێ دەبێ لە پەروەردەی زارۆخانەدا ڕەنگ بداتەوە. زارۆخانە دەبێ منداڵ پەروەردە بکات بۆ دروست کردنی جڤاتێکی یەکسان.

زارۆخانە دەبێ کارەکانی بە پێی پرینسیپی یەکسانیی نێوان هەردوو زایەندی نێر و مێ دابنێت. کوڕ و کچ دەبێ هەمان دەرفەتیان پێ بدرێت، بەربین و بەربیست بن (بەربین: ببینرێت، بەربیست: لێی ببیسترێت) و هان بدرێن بۆ بەشداریی لە هەموو

چالاکییەکی گروپکاریی زارۆخانە. دەبێ کارمەندان بۆچوونی خۆیان بە کچان و کوڕان پیشان بدەن و پێیان بسەلمێنن کە جۆرەکانی چاوەڕوانیانە.

زۆر گرینگە منداڵ هەر لە زارۆخانەوە فێری بەرپرسایەتی بکرێت بەرانبەر: ژینگە، فەرهەنگ، ژیانی مرۆڤ و ساخڵەمی. دەبێ تێگەیشتن لە پێشکەوتنی ژیانی ڕۆژانە و ڕێزگرتن لە ژیان بەرنامەی سەرەکی بێت.

دەبێ خۆشەویستی و یەک گرتن بەردی بناخەبن لە فەرهەنگی ئێمەدا. لێبوردن و ڕێز دەبێ بکرێنە بەهای بنەمای زارۆخانە. زۆر گرینگە منداڵان لە زارۆخانەدا هەست بە خۆشەویستی و سەرنجی گەورە بکەن. فێری گروپکاری و هاوکاری بکرێن. خۆ خستنە جێی کەسی بەرانبەر وا دەکات مرۆڤ پتر بیر لە یارمەتی و لێبوردن بکاتەوە. لە ڕوانگەی جیهانییەوە گرینگە خۆشەویستیی ژیان و هاوکاری کردن لای منداڵ گەشە بکات. زارۆخانە دەبێ بناخەی پتەو دابنێت بۆ:

- فێربوونی بەردەوام بە درێژایی تەمەن
- بەشدارییەکی دیمۆکراتانەی چالاک لە جڤاتدا
- هاوکاری و لێک تێگەیشتن لەگەڵ خێزان و دەوروبەر

کاتێک زارۆخانە منداڵ ڕێنوێن دەکات دەبێ تەمەن، پاشخانی فەرهەنگیی منداڵ، دین و پەیوەندیی جڤاکیی منداڵ ڕەچاو بگرێت. زۆر گرینگە کار بکرێت بۆ تێگەیشتنێکی هەمە لایەنە دەربارەی ڕووداوی نێو زارۆخانە. دەبێ ڕێز لە سەربەستیی تاک، تاکی منداڵ و خێزان بگیرێت.

کارمەندی زارۆخانە دەبێ نموونەی پیادە کردنی بەهای بنەڕەتی بێت. ڕەنگدانەوەی کار و ڕووداو دەبێ لە دانیشتنی فەرمی پێداگۆگیدا بخرێنە بەر باس. زارۆخانە دەبێ بە شێوەیەکی سیستێماتیک بخرێنە بەر هەڵسەنگاندن و دیڤچوون.

## 1.4 – منداڵ و منداڵەتی

**سەرشار و سەرچاوەی پلانی فێرکاریی خزمەت و بارهێنانی منداڵە. هەردوو لایەنی فیزیکی و هزریی منداڵ لە پرۆسەیەکی هاوئاهەنگ و ژینگەیەکی هەمواردا گەشەی پێ دەدرێ.**

یەک لە تایبەتمەندییەکانی سەردەمی منداڵی هاوکارییە لە گەمەدا. لەوێدا دەستپێشخەری، فانتازیا و بەشداربوون جێی خۆی دەکاتەوە. منداڵ سەرنج دەدات، پرسیار دەکات، دەگەڕێت بەدوای چێژ و ئەزموون لە مەیدانی فێربووندا. چاودێری، پەروەردە، گەمە و فێربوون لە سەردەمی منداڵیدا شێوازەکانی ڕوانگە لە منداڵدا، بڕوا بەخۆبوون و بە کەسانی دیکە و ئارەزووی فێربوون لە داهاتوودا لای منداڵ دروست دەکات.

پێکەوەبوون، گەمە و چالاکیی ڕێکوپێک منداڵ ئاشنا دەکات بە جیهانی فیزیکی و جڤاتی دەوروبەر. فەرهەنگی کۆن زیندوو دەکەنەوە و فەرهەنگی نوێ دادەهێنن. زارۆخانە دەبێ، کەشێکی فێرکاری دەوڵەمەند، جۆراوجۆر و هاندەرانە لە ژینگەی فێربوون بۆ منداڵان دەستەبەر بکات، بە ڕەچاو گرتنی تەمەن، زایەند، خاوەن پێداویستیی تایبەت، جڤات و پاشخانی فەرهەنگی. دەبێ چاودێری و چالاکیی زارۆخانە لەگەڵ تاک و گروپی جۆراوجۆر بگونجێنرێت.

منداڵ بە هۆی چالاکی و تایبەتمەندیی خۆی کاریگەری لە سەر دەوروبەری خۆی دادەنێت، چێژ وەرگرتن لە بینینی کەسانی دیکە کاریگەری دادەنێت لە سەر تێگەیشتنی خودی منداڵ. کارمەندان دەبێ بە ڕێز، بڕوا، دڵنیایی و یەکتر سەلماندن لەگەڵ منداڵدا ڕەفتار بکەن. چۆنیەتی بینینی منداڵ و منداڵەتی کاریگەری دەبێ لە

شێوازی تێگەیشتنی کارمەندان لە منداڵ و هاوکاری کردنیان. تێگەیشتن لە شێوازەکانی دەربڕینی منداڵ زۆر گرینگە.

منداڵ هەیە ژیانیان سەخت و گرفتدارە، زارۆخانە بەرپرسە زەمینەی چارەسازیان بۆ بڕەخسێنێت. وەکوو هاوکاری لەگەڵ فەرمانگەی پەیوەندیدار و کەسانی پسپۆڕ.

## 1.5 بەشداریی منداڵ

منداڵ لە زارۆخانەدا مافی خۆیەتی بۆچوونی خۆی لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی زارۆخانەکە دەربڕێت. منداڵ دەبێ ڕێگەی پێ بدرێت چالاکانە بەشداری لە شرۆڤە و پلانڕێژیی کارەکانی زارۆخانەدا بکات. بەپێی تەمەن ڕا و سەرنجی منداڵ کاریگەریی خۆی دەبێ.

زارۆنامە (جارنامەی منداڵان) ی نەتەوەیەکگرتووەکان UN گرینگی دەدات بە مافی دەربڕینی منداڵ لە دونیای خۆیان و بەهەند وەرگرتنی بۆچوونەکانیان. منداڵ مافی ڕا دەربڕینی هەیە، کاریگەری هەبێ لەسەر دەوروبەری خۆی. نۆرە (ڕۆڵ) ی منداڵ و جۆری بەشداربوونی لە پرۆسەی بڕیاردا پەیوەستە بە تەمەن و ئاستی بیرکردنەوەی ئەو منداڵەوە. منداڵ دەبێ هەست بکات بەشێکە لە جڤات و ڕابهێنرێت سەربەخۆ بڕیار بدات و بتوانێت تواناکانی خۆی دەربڕێت. منداڵ دەبێ فێر بکرێت خۆی لە جێ و دۆخی کەسانی دیکە دابنێت هەتا بتوانێت پەی بە بەرانبەر ببات.

زمانی جەستە (جووڵەی لەش) و زمانی ئاخافتن هەر دووکیان ئاماژە دەدەن بە چۆنیەتیی دۆخی منداڵ. منداڵانی زۆر بچوک بۆچوونی خۆیان پتر لە ڕێگەی زمانی جەستەوە دەردەبڕن. دەبێ هەموو هەست دەربڕینێکی منداڵ بەهەند وەربگرین. منداڵ گەر پرسیاری هەبوو، هانی بدە و چالاکانە پشتیوانی لێ بکە بۆچوونی خۆی دەرببڕێت. کاتێک منداڵ دەشکێنرێتەوە تۆوی ڕک و کینە، ئازاردان و بێسۆزی لە ناخیدا دەچێنرێن.

زارۆخانە دەبێ گرینگیی تایبەت بدات بە شێوەی دەربڕینی منداڵ. کارمەندان دەبێ گوێ لە منداڵ بگرن و توانایان هەبێت زمانی جەستەی منداڵ تێبگەن. هەر ئەو دەربڕینەیە وردە وردە بەرەو دەربڕینی وشە و ئاخافتن دەڕوات.

زارۆخانە دەبێ، بێ جیاوازیی، ڕێز لە خواست و ئەزموونی منداڵ بگرێت و تایبەتمەندیی هەمووان ڕەچاو بگرێت. دەبێ مافی دەربڕین بدرێت بە منداڵ و کاریگەرییان بخرێتە چێوەی بەرنامە و بڕگەی کاری زارۆخانەوە. بەهەند وەرگرتنی منداڵ و خواستەکانی کەشێکی باشی پەیوەندی لە نێوان منداڵ و کارمەندان و هەروەها لە نێوان کارمەندان و خێزاندا دروست دەکات.

بەشداریی منداڵ لە کاروباری زارۆخانەدا پێویستی بە کات و شوێن هەیە بۆ گفتوگۆ لەگەڵیاندا. پلانی کاری زارۆخانە دەبێ بە شێوەیەک بێتە داڕشتن و ڕێک خستن بتوانێت شوێن و کات بدات بە خواست و بەشداربوونی منداڵ. بەم شێوەیە دەکرێت منداڵ هان بدرێت بۆ سەرخستنی ژیانی ڕۆژانەی خۆی لە زارۆخانەدا. منداڵ دەبێ ئەزموون وەربگرێت لەو گەورانەی بە وردی و بەرپرسانە گرینگی بە هەموو تاکێکی گرووپەکە دەدەن.

## 1.6 هاریکاریی خێزان

- زارۆخانە دەبێ گەشە و چالاکی بۆ منداڵانی ژێر تەمەنی خوێندن دابین بکات و لە نێزیکەوە هاوکاری لەگەڵ خێزانی منداڵ بکات.
- زارۆخانە دەبێ لە چاودێری و پەروەردەدا یارمەتی خێزان بدات، بەم شێوەیە بناغەیەکی پتەو دروست دەبێ بۆ گەشە، بۆ فێربوونی بەردەوام و بۆ بەشداریی چالاکانەی منداڵ لە جڤاتێکی دیمۆکراتدا.
- بۆ دڵنیابوون لە هاریکاری لەگەڵ خێزانی منداڵ، دەبێ هەموو زارۆخانەیەک ئەنجومەنێکی ڕاوێژکاری خێزان و دەستەیەکی هەڵبژێردراوی هاوکاری هەبێت.

لێرەدا مەبەست لە ماڵ و خێزان هەم خێزان و هەم کەسانی دیکەی سەرپەرشتیار و بەرپرسی منداڵ دەگرێتەوە.

لە پلەی یەکەمدا خێزان بەرپرسایەتیی پەروەدەی منداڵی لە ئەستۆیە. ئەم خاڵە لە قانوونی مافپارێزی منداڵاندا دەبێ بچەسپێ. زارۆخانە، پاش ماڵەوە، تەواوکەری ژینگەی منداڵە. زارۆخانە دەبێ ڕێز لە ڕێسا جیاوازەکانی خێزان بگرێت.

هەر دوو چەمکی تێگەیشتن و هاوکاریی ناو قانوونی منداڵان ڕووبەری جیاواز لە پەیوەندی نێوان خێزان و زارۆخانە دەگرێتە خۆ. ڕێزی دوو لایەنە و سەلماندنی یەکتر مەرجی گرینگن. هاوکاری واتە بەردەوام گۆڕینەوەی زانیارییە دەربارەی منداڵ. دەبێ پرسیارەکان دەربارەی ئاسوودەگی و گەشەی منداڵ لەگەڵ شێوازی پەروەردە و بەڕێوەبردنی زارۆخانەکەدا گفتوگۆ بکرێت. هاریکاری دەبێ دەرفەت

بڕەخسێنێت بۆ تێگەیشتنێکی دوو لایەنە لەو گرفتانەی سەر هەڵدەدەن بۆ نموونە کاتێک منداڵێک پێویستی بە ئاگادارییەکی تایبەتە.

کارمەند دەبێ کار بکەن بۆ دۆزینەوەی هاوسەنگیی نێوان ڕێز لە بۆچوونەکانی خێزان و بەهەند وەرگرتنی مافی منداڵ لە لایەک و بەهاگەلی بنەڕەتیی زارۆخانە لە لایەک.

خێزان و کارمەندانی زارۆخانە بەرپرسن لە خۆشگوزەرانی و گەشەی منداڵ.
هاریکاریی ڕۆژانەی نێوان ماڵ و زارۆخانە دەبێ لەسەر بناخەی کراوەیی و متمانەی دوو لایەنە بێت. خێزان دەبێ بوێرانە باسی ئەو بابەتانە بکەن کە پەیوەستی دۆخی منداڵەکەن، تەنانەت گەر باسەکەش کێشەدار بێت. خێزان دەبێ بزانێت کە کارمەندانی زارۆخانە بە پێی قانوون ڕازگرن، نهێنیپارێزن، باسی تایبەت بە منداڵ و خێزانی منداڵ دەپارێزن و لای کەس نایدرکێنن. هەم کارمەندانی زارۆخانە و هەم خێزان دەبێ لە بیریان بێت زارۆخانە نوێنەرایەتی جڤات و بەهای بنەڕەتیی جڤاتە، بەڕێوەبردنیشی ئەرکی کارمەندانی زارۆخانەیە.

کارمەندانی زارۆخانە بەرپرسن لە پێدانی زانیاریی پێویست بە خێزان دەربارەی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی زارۆخانە و بەشداریی خێزان لەم پرۆسەیەدا. خێزان دەبێ دڵنیا بکرێنەوە لەوەی منداڵەکانیان ڕێزیان لێ دەگیرێت و بەشدارن لە پرۆسەیەکی فێرکاریی گشتیدا.

زارۆخانە دەبێ گوێ ڕاگرێت بۆ پێشنیاز و خواستی خێزان هەم وەک تاک و هەم بە گروپ. شێوەی بەڕێوەبردنی زارۆخانە دەبێ بەردەوام لە لایەن ئەنجوومەنی خێزان و دەستەی ڕێبەر هاوکاری گفتوگۆ بکرێت. زۆر گرینگە لەم بوارەدا بایەخ بدرێت بە لێک گەیشتن و دڵنیایی نێوان زارۆخانە و ماڵ.

زارۆخانە وەک شوێنی چاوپێکەوتنی منداڵ، خێزانی منداڵ و گۆڕینەوەی زانیاری فەرهەنگی، ئەرکێکی گرینگی لە ئەستۆیە. ئەرکی زارۆخانەیە لە کۆبوونەوەکاندا زانیاری تەواو بدات بە گروپی فەرهەنگی و دینیی جیاواز و ئاگاداریان بکاتەوە لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی زارۆخانەکە. خێزانی خاوەن فەرهەنگی جیاواز پێوستی بە ڕێز

گرتن، گوێ گرتن و تێگەیشتنە. کارمەندی زارۆخانە بۆ ئەم مەبەستە دەبێ بڕوای بە خۆی هەبێت، نەخشی لە کاردا ڕوون و دیار بێت.

خێزان هەن پێویستیان بە یارمەتی و ڕێنوێنییە دەربارەی چۆنییەتی پەروەردە کردنی منداڵ. جار هەیە خێزان کێشەی ئاستەنگی ناوخۆی هەیە و پێویستی بە هاوکاریی پسپۆڕ هەیە. دەبێ زانیاری بدرێت بە خێزان دەربارەی دەزگەی یاریدەری پسپۆر.

خێزان لە ڕێی بەشداربوونیان لە ئەنجوومەنی ڕاوێژکاریی خێزاندا کاریگەرییان دەبێ لەسەر ڕەوتی کار و چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی زارۆخانەی منداڵەکانیان.

## 1.7 زارۆخانە وەک دەزگەیەکی فێرکاری.

### زارۆخانەی باش هەردەم پەرۆشی گەشەی کارمەندان و سەرخستنی ئاستی توانایانە.

زارۆخانە وەک جێگەیەک بۆ گەشە کردن و فێربوون ڕۆڵێکی گرینگی هەیە بۆ منداڵی ژێر تەمەنی خوێندن. زارۆخانە دەبێ بەپێی پێویست کار بۆ گەشەی منداڵ بکات. بە ڕەچاو گرتنی لایەنی فیزیکی، جڤاکی، شوێنی نیشتەجێبوون، فەرهەنگ و پاشخانی دینی و نەتەوەیی دەرفەتی یەکسان بڕەخسێنێت بۆ گەشەیەکی دروست.

زارۆخانە وەک دەزگەیەکی پەروەردە تایبەتمەندی و دابونەریتی خۆی هەیە و دەبێ بایەخی پێ بدرێت. لەوەش بترازێ زارۆخانە فێرگەیە و دەبێ وەک فێرگە چاوی لێ بکرێت. پەروەردە و بار هێنان، گەمە، چالاکیی ڕۆژانە و فێربوون پێکەوە بەشێکن لە تایبەتمەندیی زارۆخانە. زارۆخانە داهێنەری فەرهەنگە و ڕۆڵێکی گرینگیشی هەیە لە پتەو کردنی پەیوەندیی نێوان فەرهەنگی جیاواز.

زارۆخانە دەبێ ڕۆڵی سەرەکیی فێرکاری بگێڕێت. بەڕێوەبەران و بەرپرسانی فێرکاری بەتایبەتی بەرپرسن لە دانانی پلان و جێبەجێ کردنی، هەڵسەنگاندن و گەشە پێدانی ناوەڕۆکی ئەرکەکانی زارۆخانە. ئەوان بە هەمان شێوە بەرپرسن لە ڕێنوێنیی کارمەندانی دیکە بە جۆرێک کە هەموویان بە شێویەکی گشتی لە کار و ئەرکی خۆیان تێبگەن. کاری بەڕێوەبەرانی زارۆخانە ڕەخساندنی دەرفەتی گونجاوە بۆ کارمەندان توانای خۆیان پیادە بکەن.

زارۆخانە وەک دەزگەیەکی پەروەردەکاری جڤاکی دەبێ هەردەم لە گۆڕان و گەشەدا بێت. وەک ئۆرگانێکی فێرکاری پێشڕەو، دەبێ ئامادەی بەرەنگاربوونەوە و خواستی نوێ بێت.

## 1.8 ژینگەی زارۆخانە

زارۆخانە دەبێ ژینگەیەکی ئاسوودە و ڕەنگین بۆ منداڵان بڕەخسێنێت، تێیدا بەدەم گەمانەوە هەم فێر بن و هەم چێژ لە ژیان وەربگرن.

زارۆخانە دەبێ ژینگەیەک بێت گونجاو و خاوەن کەرەستەی تەواوی گەمە و چالاکی جۆراوجۆر بۆ ئەوەی منداڵ جووڵە و ئەزموونی زیاد بکات. دەرفەتی هەست و زانینی فرەوان بێت. گۆڕان لە نێوان فێربوون، گەمە و هۆشگوشین نموونەی بنەڕەتییە بۆ ساخلەمیی هەردوو لایەنی هزری و لەشەکی. دروست کردنی ژینگەیەکی فیزیکی چالاک لە ناوەوە و دەرەوەی زارۆخانە گرینگییەکی زۆری هەیە لە چێوەی مەرجەکانی پلانی فێرکاریی زارۆخانەدا بۆ شادی و چێژ وەرگرتنی منداڵ لە فێربوون. زارۆخانە دەبێ سنووری فیزیکی منداڵ (سنووری جەستە) وەک بەشێکی تەواوکەر لە ژینگەی فێربوونی منداڵ ڕەچاو بگرێت. سروشت و ژینگەی دەوروبەریش دەرفەت دەدات بۆ چێژ وەرگرتن و هاندان.

کەشی فیزیکیی زارۆخانە دەبێ وا دارێژرێت هەموو منداڵان بتوانن بەشداریی چالاکانە لە گەمە و چالاکییەکاندا بکەن. لە دروست کردنی ژینگەی فیزیکیدا دەبێ لایەنە جیاوازەکانی منداڵ وەک تەمەن و پلەی زیرەکییان ڕەچاو بگیرێت.. منداڵان لە تەمەنی منداڵیدا زۆر پێویستیان بە پشوودان هەیە هەم لە دەرەوە و هەم لە ناوەوەی زارۆخانەدا بۆ ئارامبوونەوە و کۆ کردنەوەی هەست و هۆشی خۆیان.

لە دروست کردنی ئەم ژینگەیەدا دەبێ ئاگاداربین لەوەی پێویستمان بە جێگە و کەرەستە هەیە بۆ گروپکاری و چالاکیی هاوکاتی جۆراوجۆر.

لە پلاندا بۆ دروست کردنی زارۆخانەی منداڵان دەبێ هەلومەرجی کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت ڕەچاو بگیرێت. دیاری کردنی شوێن و جۆری بیناسازیی زارۆخانە دەبێ لەسەر شێوازی نوێی جیهانی بێت.

## 1.9 منداڵ وەک تاک

### زارۆخانە دەبێ تەمەن، پێداویستیی تایبەت، زایەند، پاشخانی جڤاکی، نەتەوە، زمان و فەرهەنگی هەر منداڵێک ڕەچاو بگرێت.

منداڵ لە ژێر تەمەنی خوێندنەوە گروپێکی وێکچوو نین، پێویستییان بەرانبەر زارۆخانە یەکجۆر نییە. پێشکەش کردنی خزمەتی یەکسان پێویستی بە گونجاندنی کارە لەگەڵ تایبەتمەندیی هەموو تاک و دەڤەرێک. ناوەڕۆکی پلانی زارۆخانە دەبێ بە شێوەیەک بێت منداڵ هەم بە تاک هەم بە گروپ چێژی لێ وەربگرن. ژینگەی بار هێنان و فێرکاریی زارۆخانە دەبێ منداڵ شاد بکات. زارۆخانە دەبێ پشتگیری لە هەموو تاکێکی منداڵ بکات، هەوڵ بدات، بە ڕەچاو گرتنی هەلومەرجی هەر یەکەیان، ژیانێکی پڕ واتا لەگەڵ منداڵ و گەورەکانی دەوروبەریان پێک بهێنێت.

کارمەندان بەرپرسن لە هەموو منداڵان، وێڕای منداڵی خاوەن پێداویستیی تایبەت، زایەند، تەمەن و پاشخان دەبێ هەموویان هەست بە هاوسەنگیی خۆیان بکەن. ژینگەی زارۆخانە دەبێ جۆرێک بێت هەموو تاک و فەرهەنگێکی جیاواز بەیەک بگەن و ڕێز لە یەک بگرن وێڕای جیاوازیان. ڕوون کردنەوەی جیاوازی و هەروەها نۆرمی هاوبەش بناخەیەک فەراهەم دەکات بۆ لەیەک گەیشتن. ئاشنابوون بە

فەرهەنگی جیاواز لەوەی خۆت، دەرفەت دەرەخسێنێت بۆ  گەشەی ئایەتی و بۆ کونچکاو (پرسن - فزوڵ) ی دەربارەی مرۆڤ و فەرهەنگ و ژینگە.

ناوەرۆکی بەرنامەی زارۆخانە دەبێ بە جۆرێک بێت جێ بۆ منداڵی جیاواز بکاتەوە بە شێوەی جیاواز، بە پێی ئارەزوو، توانا و پلەی گەشەیان تێدا بەشدار بن. زارۆخانە بەرپرسایەتیی تایبەتی لە ئەستۆیە بۆ پێشگرتن لە ئاستەنگی و دەرک کردنی منداڵی خاوەن پێداویستیی تایبەت.

لەوانەیە پێویست بکات بەشێکی تایبەتی پەروەردەکار بۆ ئەم منداڵانە ساز بکرێت. گونجاندن لەوانەیە هەم لایەنی جڤاکی و پەروەردە، هەم دۆخی فیزیکی بگرێتەوە. خێزان و ئەو لایەنە پەیوەندیدارانەی پشتگیری منداڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت دەکەن گرینگن بۆ هاوکاری کردنی زارۆخانە.

ژیانی ڕۆژانەی زارۆخانە بریتییە لە گوێ گرتن، ڕاهێزان و هاندانی منداڵ لە لایەن کارمەندانەوە. زارۆخانە دەبێ داهێنەرانە کار بکات بۆ پێش گرتن لە پلار، لە ڕەت کردنەوەی بەرانبەر و لە سەرخستنە سەر. کارمەندان دەبێ کاریگەرییان هەبێت لەسەر کەسایەتیی هەر منداڵێک و سەرخستنی ئاستی بڕوا بەخۆبوون لە کەشێکی هێور و ئارامدا بە پێی قانوون و ڕێساکانی جڤات.

## 1.10 زارۆخانە بۆ منداڵانی نەتەوە و دینی جیاواز

**زارۆخانە دەبێ تەمەنی منداڵ، خاوەن پێداویستیی تایبەت، زایەند، جڤاکی، نەتەوە و پاشخانی فەرهەنگی هەر منداڵێک بە زمان و فەرهەنگەوە ڕەچاو بگرێت**

کوردستان وەڵاتێکی فرە فەرهەنگ، دین و نەتەوەیە و زارۆخانەی کوردستانیش دەبێ جێی بۆ هەموان هەبێت. بەپێی ڕێکەوتننامەی جیهانی، منداڵانی هەموو بنە و ڕیشاڵێک پێویستیان بە فرەواندنی فەرهەنگ و زمانی خۆیانە.

زارۆخانەی نەتەوە و دینی جیاواز دەبێ بەشێک بێت لە جڤاتی خۆیان و تایبەتمەندیی ئەو گروپانە ڕەچاو بکات. ئەرکی زارۆخانەیە کەسایەتیی هەموو منداڵێک بەهێز بکات، بنەما و خەسڵەتی فەرهەنگیی نەتەوە و دینی جیاواز بەشێکی هەرە گرینگی ئەم بوارەیە و دەبێ زارۆخانە بیچەسپێنێت.

منداڵانی سەر بە گروپی نەتەوەیی و دینی جیاواز تەنانەت لە دەرەوەی جڤات و دەڤەری خۆیان مافیان هەیە بە ڕێزەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکرێت و دەرفەتیان بۆ برەخسێت لە زارۆخانەدا شارەزای فەرهەنگی خۆیان بن.

## بەشی دووهەم

### ناوەڕۆکی پلانی فێرکاریی زارۆخانە

ناوەڕۆکی بەرنامەی زارۆخانە دەبێ هەمەلایەنە و فرەڕەنگ بێت بۆ ئەوەی هەموو منداڵێک چێژ و ئەزموونی لێ وەربگرێت، ببێتە یاریدەری گەشەی توانایان. ناوەڕۆکی بەرنامەی زارۆخانە، لە ڕێگەی تێکەڵاوی و بەشداربوونەوە کار بۆ ڕاهێزانی زمان و توانای جڤاکی دەکات.

دەبێ دەرفەت هەبێت منداڵ چێژ لە ئامێری دیجیتاڵ وەرگرێت و بیکاتە سەرچاوەیەک بۆ گەمە و کۆ کردنەوەی زانیاری و پەیدا کردنی زانست و هونەر.

ناوەڕۆکی پلان و شێوازی کاری زارۆخانە ئاراستەی ڕوونە. کونچکاو (پرسنی / فزوڵ) ی و ئارەزووی منداڵ تیژ دەکاتەوە و هانی دەدات بەرەو سەرنج گرتن، وردبوونەوە و فێربوون، بەرەو داهێنان و ئافراندن. کارمەندان دەبێ سەرنج بدەنە ئەو منداڵانەی خولیای زانینیان گەرمە.

منداڵ دەبێ ئازاد بێت لە هەڵبژاردنی چالاکیدا و هونەری زارۆخانە لەوەدایە خولیا و ئارەزووی منداڵ لەگەڵ پلانی کاری خۆیدا ڕێک بخات، ئەو دوو لایەنە تەراز بکات.

زارۆخانە دەبێ چاودێری، پەروەردە، گەمە، فێربوون، توانای جڤاکی و زمان پێکەوە گرێ بدات. زارۆخانە مەیدانێکی فەرهەنگییە بۆ ئەوەی منداڵ بەشدار بێت لە داهێنانی فەرهەنگیی خۆیدا. هەموو ئەم خاڵانە لە ناوەڕۆکی بەرنامەی فێرکاریی زارۆخانەدا تێکبەستراون.

بە مەبەستی ئاسانکاری، بەشی وانە لە پلانی زارۆخانەدا کراونەتە هەفت وانە، هەر یەکەیان دەرفەتێکە بۆ بەشداربوون، پەیدۆزی و فێربوون. بە گشتی وانەکان سەرەتان بۆ وانەکانی فێرگەی بنەڕەتی. لە زارۆخانەدا زەمینەیان بۆ خۆش دەکرێت.

## چاودێری، گەمە و فێربوون

ئەرکی زارۆخانەیە کار بکات بۆ ڕاهێزانی بڕوای منداڵ بە خۆی و بە کەسانی دەوروبەری خۆی. چالاکی و بەشداربوونی منداڵ زانیاریی دەداتێ دەربارەی خۆی و پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دیکەدا. منداڵ بە ئاشنابوون لەگەڵ دیاردەی جیاواز، بڕوای بە کەسایەتیی خۆی پتەوتر دەبێ. ڕێز گرتن لە جیاوازبوون بەشێکە لە بەها بنەڕەتیەکانی زارۆخانە.

وردبوونەوەی منداڵ لە سەرکردە، لە بۆچوون و گوتاریان، لە ڕەفتاری جۆراوجۆریان دەبێتە بنەما و سەرەتای هزرێکی ڕەخنەگرانە، لە خۆی و لە دەوروبەر. خاتر گرتن و هاوکاری، سازش و هاوئاهەنگی لە پرۆسەی گەمە و فێربووندا کاریگەری هەیە لەسەر کەسایەتیی منداڵ. بەهەند وەرگرتنی پرسیار و سەرنجی منداڵ ڕێگە خۆش دەبێت بۆ بەشداربوونی منداڵ لە کاروباری جۆراوجۆردا. منداڵ پێویستی بە ڕێنوێنی و یارمەتییە بۆ ئەوەی چالاکانە بە گوتار و ڕەفتار بەشدار بێت.

فێربوون و بەشداربوون دوو کرداری تەواوکەری یەکترن. بە فێربوون و بەشداری، پێگەی منداڵ لە پرۆسەی فێربوون و بار هێناندا پتەوتر دەبێت. دەرک و ڕێزیان بۆ دیاردەی جیاواز، بۆ سەلماندنی بەرانبەر و هاوئاهەنگی گەشتر دەکات.

هەموو منداڵێک مافی هەیە بە گوێرەی بوونی خۆی ڕەفتاری لەگەڵ بکرێت. کارمەند دەبێ بۆ منداڵی ڕوون بکاتەوە کە کردەوەی منداڵەکە کاریگەری هەیە لەسەر کەسانی دەوروبەر، لەبەر ئەوەی دەبێ وریای گوتار و ڕەفتاری خۆی بێت. مەرج نییە هەموو کردارێک پەسەند بێت.

## 2.1 چاودێری و پەروەردە

**چاودێری، پەروەردە و فێرکاری لە زارۆخانەدا کار دەکەن بۆ ڕاهێزانی بەهای مرۆڤدۆستانە، بۆ یەکسانی و ڕێز گرتن، بۆ ئازادیی بیروڕا، سنگفرەوانی، خۆڕاگری، ساخڵەمی و گەشەی بەردەوامی جێگیر.**

منداڵ مافی چاودێری کردنی هەیە و دەبێ بە پەرۆشەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێت. کارمەندی زارۆخانە وەک پیشە ئەرکە لەسەری بە پەرۆشەوە ڕەفتار لەگەڵ هەموو منداڵەکانی زارۆخانە بکات. ئەرکی چاودێری داوا لە کارمەندی زارۆخانە دەکات سەرنج بداتە تایبەتمەندیی یەکبەیەکی منداڵان و لەوەش بترازێت ئاگاداری هەموو وردەکارییەکی پاشخانی فەرهەنگییان بن.

چاودێریی دڵسۆزانە پەیوەستە بە گوێپێدان، نێزیکی، خۆ لە جێ دانان، توانا و ئامادەیی بۆ هاوئاهەنگی. چاودێری دەبێ هەموو دۆخەکانی ژیانی ڕۆژانە بگرێتەوە. دەبێ ڕەنگ بداتەوە لە گەمان، پاک و خاوێنی، نان خواردن و جل گۆڕیندا. چاودێری خۆی لە خۆیدا بەهایە و گرێدراوە بە پەروەردەوە.

ساخڵەمیی و ئارامی مەرجی گرینگن بۆ فێربوون و گەشەی منداڵ. جێگە و چالاکیی هاندەرانەی جۆراوجۆر بەشێکن لە چاودێری. زارۆخانە دەبێ ژینگەیەکی پڕ لە شادی، ورەبەرزی، بڕوابەخۆبوون، داهێنان و هاوسۆزی گشتگیر پێک بهێنێت. چاودێریی باش پێشمەرجە بۆ ڕاهێزانی کەسایەتی و هەستی بەرپرسایەتیی منداڵ، بۆ گەشە کردنی توانای جڤاکییان و بۆ فرەواندنی بەشدارییان.

چاودێری لە زارۆخانەدا بریتییە لە پەیوەندی نێوان کارمەندان و منداڵان و هەروەها منداڵان لە نێو خۆیاندا. منداڵ دەرفەتی هەبێت چاودێری منداڵی دیکە بکات، توانای جڤاکی گەشە دەکات، دەرکی بۆ بەرپرسایەتی و بەشداربوون پتەوتر دەبێ.

پەروەردە پرۆسەیەکە کەسانی گەورەساڵ تێیدا ڕێبەرایەتی و ڕێنوێنیی نەوەی ئایەندە دەکەن. فەرهەنگ، بەهای بنەڕەتی، ڕێسا و ڕەفتار لە ڕێی جۆراوجۆری فێرکارییەوە دەگوێزرێنەوە بۆ منداڵان.

کارمەند دەبێ ڕێنوێنیی منداڵ بکەن چۆن ویست و خولیای خۆیان لەگەڵ ڕێسا و ڕێوڕەسمی جڤاتدا بگونجێنن. منداڵ دەبێ یارمەتی بدرێت بۆ ئەوەی تێبگات پێکەوەبوون و هەڵ کردن لەگەڵ کەسانی دیکەدا چۆنە.

فێربوون دەبێ بە تێگەیشتن و هاریکاری نێزیک بێت لەگەڵ خێزانی منداڵ. ئەرکی کارمەندی زارۆخانەیە خاڵی گرینگی پەیوەست بە پەروەردەی منداڵەوە لەگەڵ خێزاندا شرۆڤە و دەستنیشان بکەن.

ژیانی زارۆخانە پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی مرۆڤایەتییە و چاودێریی بریتییە لە هاوکاریی دوو لایەنە. منداڵ دەبێ بە شێوەیەکی دڵسۆزانە چاودێری بکرێت. ئەمەش پێویستی بە کارمەندی دڵسۆز و بەرپرسە لە نێزیکەوە هۆشیاری گەشە و شادی هەموو تاکێکی منداڵ بێت.

کارمەندان بەرپرسایەتییەکی تایبەتیان لە ئەستۆیە بەرانبەر ئەو منداڵانەی بارودۆخی ماڵەوەیان گرفتدارە و سەرپەرشتییان لە خێزاندا لاوازە. دەبێ کاری تایبەت بکرێت بۆ ئەوەی ئەمانیش چێژ لە ژینگەی ئارامی زارۆخانە وەربگرن و هەست بە ئاسوودەیی بکەن. زارۆخانە و دەزگەی چاودێریی منداڵ دەبێ هاوکاریی ئەو منداڵانە بکەن و ژینگەیەکی باشیان بۆ بڕەخسێنن.

فێر کردن دەبێ بەها بنەماییەکانی زارۆخانە ڕەچاو بگرێت و دەرفەت خۆش بکات بۆ بەشداریی چالاکانەی منداڵ لە نێو جڤاتێکی دیمۆکراتدا. منداڵ دەبێ فێر بێت هەم خۆی بگونجێنێت و هەم ئازادانە بیری خۆی دەرببڕێت.

## 2. 2 گەمە

### ئەرکی زارۆخانەیە دەرفەت بڕەخسێنێت بۆ گەمان، شادمانی و چالاکیی سوودبەخش لە ژینگەیەکی ئارام و گەشدا.

گەمە (وازی، یاری) لە ژیانی زارۆخانەدا دەبێ جێی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێت. گەمە دیاردەیەکی مرۆڤایەتییە، پێگەی تایبەت بە خۆی هەیە و بەشێکی گرینگە لە فەرهەنگی منداڵ. منداڵ لە گەماندا فێری بەشداری، هاوکاری، خۆڕاستاندن دەبێت و توانای خۆی دەر دەخات.

منداڵ، وێڕای جیاوازیی تەمەن، فەرهەنگ و زمان، لە گەماندا فێری دەرک کردنی یەکتر، سەلماندنی یەکتر و هاوڕێیەتی دەبن. گەمەی بەکۆمەڵ بنەمایەکە بۆ دامەزراندنی هاوڕێیەتی لە نێوان منداڵەکاندا. بەشداری کردن لە گەمە و دۆزینەوەی هاوڕێ بنەمای ئاسوودەیی و خۆ گونجاندنی منداڵە لە زارۆخانەدا.

گەمە و بەرهەمی هەڤاڵەتی توانای جڤاکی منداڵ سەر دەخەن. بە پێچەوانەی زەبروزەنگ و بەکار هێنانی هێز کە دەبنە بەربەست و ڕێ لە گەشەی جڤاکی و پێکهاتنی دۆستایەتی و پەیوەندیی دروست دەگرن.

گەمە منداڵ فێر دەکات گەشە بە تواناکانی خۆی بدات، جیهانبینیی خۆی فرەوان بکات، دید و بۆچوونی کەسانی دیکە وەربگرێت، دەرکیان بکات، هەست و بیری خۆی کۆ بکاتەوە و داڕێژێت. فێر دەبێ لە ڕێی تۆژینەوە، ڕاوێژ و پەیدۆزییەوە زانیاری دەربارەی جیهان و دیاردەی هەمەجۆر پەیدا بکات. گەمەی فیزیکی لە دەر و ناوەوەی زارۆخانە ڕێ خۆش دەکات منداڵ ئەزموونی نوێ وەربگرێت، لێیان ورد ببێتەوە و کاریان لەسەر بکات.

گەمە بەشێکە لە فەرهەنگی منداڵ و کاریگەری هەیە لەسەر گەشە خۆی و دەوروبەریش. لە ڕێگەی گەمەوە فەرهەنگ و دابونەریتی گەورەکان دەگوێزرێتەوە بۆ منداڵی بچووک. گەمان، چالاکی، جوانناسی، نوکتەبازی و داهێنان دیاردەی هاوبوار و هاوکارن. گەمەی منداڵی بچووک زۆر پەیوەستە بە ورەی تایبەت بە خۆیەوە. لای منداڵی بچووک ورە پەیوەستە بە دەربڕینی لەشەوە. لە گەماندا. لە هاوئاهەنگیی نێوان منداڵاندا، ئەم ورە و دەربڕینی لەشە گەشە دەکات. منداڵ کونچکاوی خۆی، توانا و دیدگەی خۆی دەکاتە سەرشاری گەمە.

گەمە و چالاکیی دەرەوە بەشێکی گرینگن لە فەرهەنگی گەمەی منداڵی و دەبێ پەرەیان پێ بدرێت، هەڵبەتە دەبێ داکەوتەی جیۆگرافی و بارودۆخی کەش و هەوا ڕەچاو بگیرێن. منداڵ بە گەمانی نێو ژینگەی دەرەوە بیرۆکە و زانیاری نوێ وەردەگرێت. زارۆخانە دەبێ دەرفەت بۆ گەمەی هەمەجۆر ساز بکات.

ناوەڕۆکی بەرنامەی زارۆخانە دەبێ زەمینەساز بێت بۆ فرەواندنی خەیاڵبازی (فانتازیا) توانای ئافراندن. کارمەندان دەبێ لە نێزیکەوە یارمەتی و هانی منداڵان بدەن لە گەماندا. زەمینەیان بۆ خۆش بکەن سوود لە گەمەی خۆیان وەربگرن و پێی شاد بن. منداڵ لە گەماندا فێری هاوکاری و بەشداری دەبێ. ئەو منداڵەی بەشداریی گەمە ناکات لەو هونەرە جڤاکییانە کەمبەش دەبێ.

## 2.3 فێربوون

**زارۆخانە دەبێ زانیاری بنەڕەتی گرینگ و نوێ لە بوارە سەرەکییەکاندا بداتە منداڵ. زارۆخانە دەبێ یارمەتی کونجکاوی، داهێنان و توانای منداڵ بدات بەرەو پەیدۆزی و پیادە کردنی هونەر و توانا و ڕاستاندنی خولیای خۆیان.**

زارۆخانە دەبێ یارمەتی کونجکاوی، خولیای زانین و ئارەزووی فێربوون بدات. دەبێ هاوکار بێت لە دانانی بنەمایەکی باش بۆ ئارەزووی فێربوون لەگەڵ درێژایی تەمەندا. فێربوون لەگەڵ درێژایی تەمەن دەکاتەوە فێربوونی بەردەوامی بێبڕانەوە لە هەموو سەرکارێکی ژیاندا. فێربوون پەیوەستە بە هەڵسوکەوت لەگەڵ مرۆڤ و ژینگەی دەوروبەردا و گرێدراوە بە گەمە، پەروەردە و چاودێریەوە.

منداڵ لە هەموو بەسەرهات و ڕووداوەکانی ژیاندا زانست وەردەگرن. دەبێ وردبوونەوە و سەرنجی منداڵ بە هەند بگرین و بەکاریان بهێنین بۆ گەشەی چالاکی و ژینگەی فێربوون. لە زارۆخانەدا خولیا و پرسیاری منداڵ دەبنە بەشێک لە پرۆسە و بابەتەکانی فێربوون. زمانی جەستە، زمانی ئاخافتن، هەست و پەیوەندیی جڤاکیی منداڵ دەبنە جێی سەرنج و تێبینی کارمەندان و لە پرۆسەی فێرکاریدا دەبنە بابەت.

خۆ ناسین و بەرانبەر ناسین، هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵک و ژینگە، نەخشیان لە گەشەی منداڵدا هەیە. زارۆخانە دەبێ لایەنی فێرکاریی فەرمی و نافەرمیی منداڵ بەهێز بکات. لایەنە فەرمییەکەی پلانی بۆ داڕێژراوە و کارمەندان بەڕێوەی دەبەن. لایەنی نافەرمی بە گشتی پەیوەستە بە هەڵکەوتی ڕۆژانە و توانای مامۆستاوە و گەمە بوارێکی باشی ئەم باسەیە. دروست نییە سنوور لە نێوان شێوازی فێربوونی فەرمی و نافەرمیدا بکێشین. هەردووک هاومەبەستن و دەبێ هاوئاهەنگ بن. هەموو وانەیەکی فێرکاری دەبێ گرێ بدرێ بە هەردوو دۆخی فێربوونەوە هەم فەرمی و هەم نافەرمی.

دەبێ کارمەندان لە زارۆخانەدا پەیوەندییەکی چالاکانەیان بە پرۆسەی فێربوونی منداڵەوە هەبێت. منداڵ هەیە بەردەوام لە خولیای فێربووندان. خەریکی پەیدۆزی و تۆژینەوەن. بەدوای بەرەنگاریدا دەگەڕێن لێی سەرکەون، پرسیار لە کارمەند و لە دەوروبەر دەکەن. منداڵ هەیە کەمتر پەرۆشی زانین و پەیدۆزییە.

کارمەندانی زارۆخانە دەبێ زانست و هونەری خۆیان لەگەڵ منداڵان بەش بکەن، بەردەوام ڕێگە و شێوازی نوێ بدۆزنەوە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی منداڵ. سەرەتا کارمەند و منداڵ وێکڕا خەریکی تۆژینەوە و پەیدۆزی دەبن. بۆ دۆزینەوەی خاڵی دەستپێک دەکرێت کارمەندان بە هاوئاهەنگی لەگەڵ منداڵاندا خەریکی تۆژینەوە بن و دیسان لەگەڵ منداڵدا وەڵام بدۆزنەوە بۆ ئەوەی منداڵ لەم پرۆسەیەدا ئاسوودە بن. پێدانی زانستی لەبار و گونجاو دەبێتە بنەماییەک بۆ پرسیاری نوێ و گەڕان بە دوای زانیاردا.

## 2.4 توانای جڤاکی

زارۆخانە دەبێ بەها و فەرهەنگ بگەیێنێتە نەوەی ئایەندە، دەرفەت بداتە منداڵ پەرە بە فەرهەنگی تایبەتی خۆی بدات، زەمینە خۆش بکات بۆ گەشە و شادیی منداڵ، بۆ ڕاهێزانی توانای جڤاکیی هەمەڕەنگ.

ئەزموونی تێکەڵاوی منداڵ و هەڵ کردنیان لەگەڵ کەسانی هاوتەمەنی خۆیاندا سەنگی خۆی هەیە بۆ سەرخستنی توانای هاوکاریی منداڵ. لەم باسەدا زارۆخانە دەبێتە ڕووبەرێکی بەرفرەوان بۆ گەشەی جڤاکی و فێربوونی هونەری هەڤاڵەتی. هەموو منداڵێک لە زارۆخانەدا، وێڕای جیاوازی تەمەن، زایەند، پاشخانی جڤاکی و ڕادەی توانا، دەرفەتی بەشداریان بۆ ئاواڵە دەکرێت لە چالاکیی سوودبەخشدا.

توانای جڤاکی دەکاتەوە هونەری پێکەوە ژیان، گونجان و هاوکاری لەگەڵ کەسانی دیکە و لە دۆخی جۆراوجۆردا. ئەم توانایە کاتێک گەشە دەکات منداڵ دەرفەتی هەبێت لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ گەورەدا هاوکار و هاوئاهەنگ بن. ڕەنگدانەوەی ئەم توانایە هونەری منداڵە لە دەستپێشخەری و ڕاگرتنی هەڤاڵەتی. تێگەیشتن لە چەمک، پرۆسە و توانامەلی جڤاکی پێویستی بە ئەزموون و بەشدارییە لە جڤاتدا. توانای جڤاکی بە کردەوە لە ڕێی بەشداربوونەوە گەشە دەکات. ئەمەش لە هەموو دۆخەکانی ڕۆژدا ڕوودەدات. هەموو منداڵێک دەبێ لە بواری جیاوازدا هاوکاریی یەکتر بکەن و ئەزموون وەرگرن. ڕۆژانی زارۆخانە دەبێ پڕ بێت لە چێژ وەرگرتن و شادی، وەرەبەرزی. شادمانی نیشانەی خۆشگوزەرانیی منداڵە لە زارۆخانەدا.

توانای جڤاکیی وەک دەربڕینی هاوسۆزی و هونەری خۆ دانان لە جێی بەرانبەر لە پرۆسەی چاودێری، لە گەمە و لە فێربووندا ڕەنگ دەدەنەوە. منداڵ هەر لە سەرەتای ژیاندا هونەری پەرۆشی پێشان دەدەن، خەمخۆری یەکترن، یارمەتی یەک دەدەن و

بۆچوونی بەرانبەر وەردەگرن. منداڵ دەتوانن خاتری یەک بگرن و ئاگاشیان لە یەکتر بێت. ئەمەش هەم بە ئاخافتن و هەم بە کردەوە دیار دەدات.

منداڵ پێویستی بە هاوکارییە بۆ پەرە دان بە توانای خۆی وەک تاکەکەس و بە هاوکاری لەگەڵ کەسانی دەوروبەر.

زارۆخانە دەبێ یارمەتی منداڵ بکات لە ژینگەیەکی ئاسوودەدا گەشە بکات، شاناز بێت بە ڕەچەڵەکی خۆی و ڕێزی فەرهەنگی دیکەش بگرێت. منداڵ دەبێ فێر بێت هاوسەنگی نێوان پێویستیەکانی خۆی و کەسانی دیکە ڕابگرێت.

توانای جڤاکی زۆر گرینگە بۆ ڕێ گرتن لە دیاردەی جڤاکیی ناپەسەندی وەک ڕەگەزپەرەستی و سەرخستنە سەر و ئازاردان. زارۆخانە بەرپرسە لەوەی هۆشیارانە کار بکار بۆ ڕێ گرتن لە دیاردەی ناپەسەندی جڤاکی.

بۆ ڕاهێزانی توانای جڤاکیی پەسەند، کارمەندانی زارۆخانە دەبێ نموونەی ڕێنوێن و گەش بن.

## 2.5 توانای زمانزانی

ساڵانی منداڵی، بناخەی گەشە دانە بە توانای زمانزانین. هاوژینی و هاوکاری، زمانی جەستە و گەمان بەشێکی گرینگن لە ڕاگرتن و پتەو کردنی پەیوەندیی منداڵ لەگەڵ دەوروبەردا. تێگەیشتنی کەسانی گەورەساڵ و سەلماندنی نیشانەکانی منداڵ بەکاریان دەهێنێت، وشە دانان بەرانبەر کردار و هەست، گرینگیی تایبەتیان هەیە بۆ گەشە کردنی زمانی ئاخاوتن.

زمان پێناسەی کەسایەتییە و خزمی هەستە. زمانی زگماک گرینگە بۆ گەشەی کەسایەتی تاک. فێربوونی زمانی زگماک بە شێوەیەکی باش پێشمەرجە بۆ گەشەی بەردەوامی زمانزانی، هونەری نووسین و خوێندنەوە و تێگەیشتن.

زارۆخانە دەبێ دەرفەتساز بێت بۆ هەموو منداڵێک لە بواری جیاوازدا زمان وەک ئامرازێکی پەیوەندی، وەک کەرەستەی بیر و دەربڕینی بۆچوون و هەست بخاتە کار. منداڵ هەیە گەشەی زمانزانینی کزە، گرفتی تایبەتی خۆی هەیە. ئەمانە پێویستین بە هاوکاریی تایبەت هەیە.

بەشداری لە چالاکیی بە کۆمەڵدا دەرفەتێکی تایبەت دەڕەخسێنێت بۆ دانوستان لە نێوان منداڵاندا. هەڵسوکەوت و پێکەوە کار کردنی منداڵان زۆر گرینگە بۆ پەی بردن بە خولیا و ویستی یەکدی. زۆر جار منداڵ لە پەیوەندی نێوان خۆیاندا خەیاڵبازی (فانتازیا) و شێوازی خۆڕسکی تایبەت بە خۆیان دەخەنە کار، جیاوازە لە شێوازی پەیوەندیان بە جیهانی گەورەساڵانەوە.

زمانی جەستە، بەکارهێنانی ئاماژەی لەش و جووڵە گەشە دەکات بەرەوە بەکار هێنانی زمانی ئاخاوتن. منداڵ لە گەماندا زۆرجار زمانی جیاواز و ئاڵۆز بەکار دێنن.

منداڵ هەیە زمانی دیکە بەکاردێنن، زمانی کوردی وەک زمانی دووەم لە زارۆخانە فێر دەبن. زۆر گرینگە منداڵەکان تێبگەن و دەرفەتی ئاخافتنیان پێ بدرێت. زارۆخانە دەبێ یارمەتی منداڵ بکات بۆ بەکارهێنانی هەم زمانی زگماک و هەم زمانی

کوردی. کارمەندان لە بواری زماندا دەبێ نموونە بن. لە ئاخافتن و خوێندنەوەدا بە دەنگی بەرز، گرینگی بە زمان و شێوازی دەربڕین بدەن.

## 2.6 زارۆخانە وەک بوارێکی فەرهەنگی

ئەرکی زارۆخانەیە فەرهەنگ و بەهای جڤاکی بگوێزێتەوە بۆ نەوەی ئایەندە. دەرفەت بڕەخسێنێت بۆ ئافراندنی فەرهەنگی منداڵ و بۆ شادبوون. کار بکات بۆ سەرخستنی توانای جڤاکیی منداڵ.

مەبەست لە فەرهەنگ لێرەدا هونەر و ئەدەبە، شێوازەکانی ڕەفتارە بەگشتی، زانست، بەها، بۆچوون، ئەزموون و شێوازی دەربڕینە. فەرهەنگ بریتییە لە میرات و دابونەریت، داهێنان و زیندوو کردنەوە، نوێ کردنەوە و پیادە کردنە. فەرهەنگ لە کێشمەکێشی نێوان دابونەریت و نوێخوازیدا گەشە دەستێنێت. دەبێ بەهای فەرهەنگیی میللی و هەروەها فەرهەنگی جیهانی لە پلانی کاری زارۆخانەدا، بە جۆرێکی کاریگەر جێی بکرێتەوە.

منداڵ لە بەستێن (بوار) ی فەرهەنگدا بەشدار و داهێنەرە، بە هاوئاهەنگی لەگەڵ منداڵی دیکە، لەگەڵ گەورەسالان و دەوروبەر فەرهەنگی خۆی نۆژەن دەکاتەوە. منداڵ لێکدانەوەی خۆی هەیە بۆ دەوروبەری خۆی، مانا و ناوەڕۆک خۆی تێدا دەبینێتەوە.

منداڵ دەبێ دەرفەتی هەبێت ئاشنای زمانی جیاواز و شێوازی دەربڕینی جیاواز بێت. دونیای ئەمڕۆ لە ڕێی مێدیاوە دونیایەکی کراوەیە، منداڵ دەبێ ئامادە بێ سەرنج و بۆچوونی هەمەجۆر و فرەزمان وەربگرێت. دەبێ توانای هەبێت پەی بەو سیگناڵانە ببات و شرۆڤەیان بکات.

کوردستان وەڵاتێکی فرەفەرهەنگ و فرەدینە، دەکرێ سوود لەم دەوڵەمەندییە وەربگرین بۆ سەرخستنی توانای منداڵی کوردستان و فرەواندنی هزریان. لە زارۆخانەدا دەبێ زەمینە ساز بێت بۆ پەی بردن بە ڕێز گرتن لە فەرهەنگی جیاوازی بەرانبەر. ئاشنابوونی منداڵ بە فەرهەنگ، دین، زمان و دابونەریتی جیاواز دەبێتە بنەماییەک بۆ دەرک کردن و ڕێز گرتن و پێکەوە ژیان.

کارمەندان لەم بوارەدا دەبێ نموونەیەکی بەرچاو و گەش بن بۆ ڕەخساندنی زەمینەی گەیاندنی بەهای فەرهەنگی، سەلماندنی بەرانبەر و ڕێز گرتن لە دیدی جیاواز.

زارۆخانە دەبێ بەشداری بۆنەی فەرهەنگی ناوچەی خۆی بێت، لەگەڵ فەرمانگە و دەزگەی هەمەجۆردا کۆبێتەوە، سەرەدانی ڕێکخراوی سیاسی، حکوومەتی و مەدەنی بکات. پردی نێوان نەوەی ئەمڕۆ و پێشوو پتەو بکات. کارمەندان دەبێ لە ڕێگەی کتێب، ئەدەب، گۆرانی، مۆسیقا و داهێنانی تایبەتەوە دابونەریتی کۆن بگوێزنەوە بۆ منداڵان و بیانکەنە مایەی میللەتدۆستی.

## بەشی سێهەم

### بواری وانە

**زارۆخانە دەبێ زانیاریی هاوچەرخ دەربارەی بابەتی هەمەجۆر بداتە منداڵ. ئەرکی زارۆخانەیە یارمەتی کونچکاوی، داهێنان، پەیدۆزی و تۆژینەوە بدات.**

هەر وانەیەک بەشێکی بەرینی فێرکاری دەگرێتە خۆ. وانە بە دەگمەن نەبێت تەنیا نایەتە بەرباس. زۆر جار چەندین بابەت وێکڕا و هاوکات دەخرێنە بەر باس. لە تێکەڵاوی جڤاکی،گەمان و چالاکی ڕۆژانەدا زۆر جار پەیوەستبوونی بابەتەکان دەکەوێتە ڕوو. مەرجی گەمە و تێکەڵبوونی منداڵ پەیوەستە بە چێژ وەرگرتن و بەشداربوونیان لە چالاکیی هاوبەشدا.

هەر وانەیەک مەبەستێکی دیاریکراوی دارێژراوی هەیە بۆ کار کردن، گەشەی فێربوونی منداڵ و ڕوون کردنەوەی ئەرکی کارمەندان. ئاستی وانە لەگەڵ هەڵکشانی تەمەندا سەر دەکەوێت. ئارەزووی منداڵ و مەرجی دەوروبەر بەهەند وەردەگیرێن. تێکستی وانە، شێوازی کار، کەرەستە و ڕێکخستن بە پێی توانای منداڵ دێتە گونجاندن. دەبێ ئاگامان لە توانای منداڵ بێت و ڕێگەی بدەین بە ئارامی هەنگاو بنێت. منداڵ هەیە پێویستی بە هاوکاریی تایبەتە، هەیە تیژڕەوە.

زارۆخانە ئازادە لە دارشتنی پلانی کاری خۆیدا، لە چۆنیەتیی دارشتنی وانەکان و شێوازی گونجاندنیان لەگەڵ توانای منداڵدا. گرینگ ئامانجە، ئەویش گەشە و پێشکەوتنە.

## 3.1 دانوستان، زمان و تێکست

زەمینەسازییەکی باش و زووی زمانزانی پێشمەرجێکی گرینگە لە پلانی کاری زارۆخانەدا. هونەری دانوستان بریتییە لە ناردن و وەرگرتنی پەیام، تێگەیشتن و وەڵام دانەوەی بەرانبەر. هەردوو جۆری پەیوەندی چ زمانی بێ و چ بێزمانی گرینگە بۆ گەشەپێدانی دانوستان. ئاشنابوون بە زانیاری و ئەزموونی جیاواز گرینگە بۆ تێگەیشتن لە تێرم و زاراوەی جیاواز. گفتوگۆ دەربارەی دیاردە، بۆچوون و هەست پێویستن بۆ گەشەپێدان و دەوڵەمەند کردنی زمان. تێکست بریتییە لە هەردوو لایەنی گوتن / دەنگ و نووسین. هۆنراوە، پەخشان، وشەوازی و گۆرانی لە بواری دانوستاندا هونەرن.

زمان و تێکست لە بواری دانوستاندا گرینگن، منداڵ دەبێ:

- لە دانوستانی دوو لایەنەدا گوێ بگرێت، سەرنج بگرێت و وەڵام بداتەوە
- بەردەوام گەشە بدات بە توانای دەربڕینی وشە و زاراوەی پوخت
- توانای هەبێت هەست و داواکاریی خۆی، لە بواری هەمەجۆردا، بە زمان دەربڕێت
- توانای هەبێت زمان بکاتە ئامرازێکی داهێنان بۆ ئاخافتن دەربارەی تێکست و بەرهەمی هونەری
- سەرنج بداتە دەنگ و ریتمی زمان، ناسینی هێما، ژمارە و پیت
- ئاشنای بەرهەمی نووسراو، بیستراو و بینراو بێت

بۆ کار کردن بە ئاڕاستەی ئامانجەکان پێویستە کارمەندان

- نموونە بن لە شێوازی گوێ گرتن، وەڵام دانەوەی لەبار و بەکارهێنانی زمانی جەستە
- متمانەی نێوان خۆیان و منداڵ پتەو بکەن. وەها بێت منداڵان هەست بە شادی و ئاسوودەیی بکەن لە دانوستان و بەکارهێنانی زمان و تێکستی جۆراوجۆر لە ژیانی ڕۆژانەیاندا.
- کار بکەن بۆ ڕەخساندنی زەمینەی باش، کات و شوێن و بابەت، بۆ بەکار بردنی زمانی ئاخاوتن و زمانی جەستە لە چالاکی ڕۆژانەدا
- کار بکەن بۆ ڕەخساندنی ژینگەیەکی هاندەری زمان بۆ هەموو منداڵان: هانیان بدات بۆ گوێ گرتن، گفتوگۆ و گەمەی بە دەنگ، ڕیتم، ئاواز و گۆرانی.
- سەنگ و گرینگیی زمانی زگماک دەرک بکەن
- هاندانی ئەو منداڵانەی دوو زمان یان پتریان هەیە بۆ ئەوەی زیاتر چالاک بن لە بواری زماندا و لە هەمان کاتدا یارمەتیان بدەن بۆ فێربوون و تێگەیشتن لە زمانی کوردی
- کار بکەن بۆ ڕاهێزانی توانای ئەو منداڵانەی کێشەی جیاوازیان لەگەڵ دانوستان هەیە
- کارێک بکەن ژمارە و پیت ڕۆژانە لەبەر چاوی منداڵ بێت،
- سیستەمی پاداشت (دەستخۆشی) بخاتە خزمەتی منداڵی دەستپێشخەرەوە
- ژینگەیەکی ڕۆژانەی شاد و پڕ جۆش بۆ منداڵان فەراهەم بکات، تێیدا خوێندنەوە بە دەنگی بەرز، چیرۆک گێڕانەوە، گۆرانی و ئاخافتن دەرفەتیان گەرم بێت.

## 3.2 لەش، جووڵە و ساخڵەمی

لە ماوەی تەمەنی بچووکیدا منداڵ فێری توانای جووڵە سەرەتاییەکان، بەکارهێنانی لەش، توانای فیزیکی، ڕاهاتن و پاراستنی ساخڵەمی دەبن. منداڵ لە بەکار هێنانی لەشدا چالاکن، شێوەی دەربڕینیان بە زۆری لە جووڵەی لەشەوە سەرچاوە دەگرێت. لە ڕێگەی چالاکی لەشەوە منداڵ ئاشنای خۆی و جیهانی دەوروبەر دەبێت. لە ڕێگەی هەست و جووڵەوە منداڵ شارەزایی، زانیاری و توانا لە زۆر بواردا پەیدا دەکات.

پەیوەندی منداڵ لەگەڵ منداڵی دیکە بەزۆری لە ڕێگەی چالاکی و ئاماژەی لەشەوەیە. ئەمەش کاریگەری هەیە بۆ گەشەپێدانی ڕادەی توانای جڤاکی. خواردنی باش و گۆڕان لە نێوان چالاکی و پشوودا کاریگەرە بۆ بنیادنانی لەشێکی ساخڵەم. چالاکی فیزیکی جۆراوجۆر لە ناو و دەرەوەی زارۆخانەدا بایەخی هەیە بۆ گەشەی دروستبوونی تواناییەکی هەڵسوڕێنەر و لەشێکی ساخ. بەکارهێنانی سروشت و ژینگەی دەوروبەر دەرفەتی پتر دەداتە مرۆڤ.

لە ڕێگەی جووڵە و بەکارهێنانی لەشەوە، زارۆخانە کار دەکات بۆ ئەوەی منداڵ

- پەی بەرێت بە سوودی جووڵە و بەکارهێنانی لەش
- شارەزایی و ئەزموونی باش وەربگرێت لە جووڵەی جیاواز و هەمەلایەنە
- بەردەوام توانای لەشی خۆی پێش بخات، خەریکی ڕاهێنانی جووڵەی ڕەق و جووڵەی نەرم، ڕیتم، هەست و بالانسی بزوێنەر بێت
- ئەزموون وەرگرتن لە ژیانی ناو سروشت و وەرزە جیاوازەکانی ساڵ.
- فێری پەیدۆزی، جووڵە و چالاکیی نێو سروشت بێت
- فێر بێت سوود لە سروشت وەربگرێت
- فێر بێت سروشت بپارێزێت
- پەی بەرێت بەوەی توانای لەش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جیاوازە و دەبێ ڕێز لەو جیاوازییە بگیرێت
- زانیاریی هەبێت دەربارەی سوودی خۆراک بۆ لەش

بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە دەبێ کارمەندان

- لە بەرنامەی ڕۆژانەدا کاتی پشوو، چالاکی و ژەمی خواردن دیاری بکەن
- زانیاری بدەنە منداڵ دەربارەی خۆراک و خاوێنی، چالاکی و پشوودانی باش
- بەرنامەڕێژی بکەن بۆ سوود وەرگرتن لە ژینگەی دەوروبەر و هەروەها وەرزەکانی ساڵ
- سوود وەربگرن لە فرەفەرهەنگی نێو زارۆخانە بەتایبەتی ئەوەی پەیوەستە بە لەش و وەرزشەوە.
- زەمینەسازی بۆ چالاکی و بەشداری هەموان: بە پاشخانی فەرهەنگی و دینیی جیاواز، زایەند و دۆخی ئابووریی جیاواز.
- دەرفەت خۆش بکەن بۆ چالاکیی بە گروپ.
- دەرفەت خۆش بکەن بۆ دەسپێشخەریی منداڵ
- دەرفەت خۆش بکەن بۆ هاوکاری نێوان کچ و کوڕ
- زانیاری بدەن دەربارەی فریاکەوتنی سەرەتایی.

## 3.3 هونەر، فەرهەنگ و داهێنان

زارۆخانە دەبێ دەرفەت بداتە منداڵ چێژ وەرگرێت لە فەرهەنگ و هونەر. هاوکاریی فەرهەنگی و داهێنانی گروپکاری، هەستی هۆگری و هەڤاڵەتی پتەو دەکات. منداڵ چێژ لە ئەزموونی هونەری خۆی وەردەگرێت و لێی دەبێت بە فەرهەنگ. لە ڕێگەی دەوڵەمەند کردنی ئەزموونی هونەری، فەرهەنگی و جوانکارییەوە منداڵ ئاستی بیر کردنەوەی، دانوستان، جوانناسی و ئافراندنی فرەوانتر دەبێت. بابەتی هونەری بریتییە لە شێوازی دەربڕین لە وێنە، هونەری کاری دەستی، موزیک، سەما، دراما، زمان، ئەدەب، فیلم، نەخشەسازی و هێڵکاری و هتد. فەرهەنگکاری دونیای منداڵ زەنگینتر دەکات.

زارۆخانە، لە ڕێی هونەرکاری و فەرهەنگکارییەوە، تێدەکۆشێت منداڵ گەشە بدات بە:

- هەستی گوێ گرتن، سەرنج گرتن و دەربڕین
- توانای دەربڕین لە کەسایەتی و پەیامی خۆی بە شێوی هونەری هەمەجۆر
- خەیاڵبازی (فانتازیا)، بیر کردنەوەیەکی داهێنانەرانەی شادیهێن
- زانیاریی سەرەتایی دەرباری کەرەستەی کار پێ کردن، تەکنیک و شێواز
- توانای زمان، مۆزیک، گۆرانی، سەما و دراما
- توانای جوانناسی و هونەردۆستیی خۆی

بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە دەبێ کارمەندان

- ژینگەیەکی هونەری و فەرهەنگی لەبار بۆ گەورە و بۆ منداڵ بڕەخسێنن
- پەی بەرن بە پەیوەندیی نێوان فەرهەنگ، هونەر و گەمەی منداڵ
- هونەر بکەنە دیاردەیەکی ڕۆژانە: کتێب، وێنە، موزیک هەمیشە بەردەست بێت
- گوێ بگرن لە منداڵ و سەرنج بدەنە بۆچوونە فەرهەنگییەکانی
- ڕێز لە شێوازی دەربڕینی منداڵ بگرن و هانی بدەن گەشە بەو توانایە بدات
- منداڵ هان بدەن بۆ تۆژینەوەی فەرهەنگی
- منداڵ هان بدەن بۆ سەرنج گرتن لە جوانیی سروشت،
- منداڵ هان بدەن بۆ سەرنج گرتن لە وردەکاریی بەرهەمی هونەریی هەمەڕەنگ
- منداڵ هان بدەن بۆ فێربوون و تاقی کردنەوەی هونەری هەمەجۆر بە کردەوە
- منداڵ هان بدەن زانیاریی گشتی پەیدا بکات دەربارەی هونەری هەمەجۆر
- منداڵ هان بدەن ئاشنای فەرهەنگی ناوچەیی، میللی و جیهانی بێت و چێژیان لێی وەربگرێت

## 3.4 سروشت، ژینگە، تەکنیک

سروشت سەرچاوەیەکی بەرفرەوانە بۆ چێژ وەرگرتن، مەیدانێکی بەرینە بۆ چالاکیی هەمەجۆر لە هەر چوار وەرزی ساڵدا. سروشت سەرچاوەیەکە بۆ هەستی جوان و هاندەرێکە بۆ دەربڕینی جوان. وانەکانی زارۆخانە دەبێ منداڵ ئاشنا بکەن بە سروشت و گرینگیی پاراستنی سروشت: زەوی، هەوا و ئاو، ڕووەک و گیانەوەران، وەرزەکانی ساڵ و کەش و هەروەها سامانی میللی. یەکێک لەم ئامانجانە تێگەیشتنی منداڵە لە گرینگی و گەشەی بەردەوامی سروشت و پاراستنیەتی بۆ نەوەی داهاتوو. ئەمەش پێویستی بە خۆشویستنی سروشت و بە دەرک کردنی پەیوەندی نێوانی مرۆڤ و سروشت دێتە دی.

دەبێ زارۆخانە لە ڕێگەی کار کردن لەگەڵ سروشت، ژینگە و تەکنیک یارمەتی منداڵ بدات بۆ:

- پەیدا کردنی زانیاری دەربارەی سروشت، بە سەردان و گەڕان و سەرنج دان
- دەرک کردنی گرینگیی سروشت بە فێر کردن و بیر کردنەوە
- ڕێز گرتن لە سروشت و پاراستنی
- پەی بردن بە پەیوەندی نێوان پێکهاتەکانی سروشت: مرۆڤ، خاک، ڕووەک، گیانەوەران، ئاو. هەوا و هتد.
- چێژ وەرگرتن لە سروشت بەڵام بە وریاییەوە
- بەکارهێنانی تەکنیک بە شێوازێکی سروشتپارێز و ژینگەدۆست

بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە دەبێ کارمەندان

- منداڵ هان بدەن بەپێی توانا، کونچکاوی و خولیای خۆیان سەرنج بگرن لە سروشت و بەکار هێنانی تەکنیک لە سروشتدا
- هەوڵ بدەن منداڵ پەی بەرن بە گرینگیی گەشە و بەردەوامی و مانەوەی سروشت
- چالاکیی نێو سروشت بکەنە بەرنامەی ڕۆژانە
- منداڵ هان بدەن سەرنج بداتە ژینگەی دەوروبەر: گیانەوەر و ڕووەک
- منداڵ هان بدەن سەرنج بداتە کەش
- منداڵ هان بدەن سەرنج بداتە دیاردەی سروشتی وەک ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا، لافاو، باهۆز، بوومەلەرزە ...هتد
- منداڵ تێبگەیێنن لە چۆنیەتی وەبەرهێنانی خۆراک
- پێدانی زانیاری دەربارەی زان (لەدایکبوون)، گەشە، پیربوون و مردن.
- هەوڵدان بۆ گەشە و زیاد کردنی شارەزایی منداڵ دەربارەی گەمە و تەکنیک

## 3.5 ئاکار، دین و فەلسەفە

ئاکار، دین و فەلسەفە کاریگەری هەیە لەسەر شێوازی بیر کردنەوە و جیهانبینیی منداڵ. فەلسەفە و دین بەشێکی گرینگن لە فەرهەنگی مرۆڤایەتی و دارێژەری شارێی نۆرم و ئاکارن. سەرچاوەیەکن بۆ دیاری کردنی بەهای بنەڕەتی و شێوازی هەڵسوکەوتی نێو جڤات. جڤاتی کوردستان ئەمڕۆ نیشتیمانی دین و فەرهەنگی جیاوازە. زارۆخانە دەبێ ڕێز لە فرەدینیی نێو گرووپی منداڵان بگرێت، بەڕێزەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ وردەکاریی فەرهەنگییان بکرێت. وێڕای ئەو فرەڕەنگییە دەبێ کار لەسەر بەهای هاوکۆ و دیدی مرۆڤدۆستانەی نیشتیمانپارێز بکرێت.

زارۆخانە لە ڕێی ئاکار، دین و فەلسەفەوە دەبێ هەوڵ بدات منداڵ

- شارەزای بەها و نۆرمی بنەڕەتیی جڤاکی بن: ڕێز گرتن، ڕاستگۆیی، دەستپاکی، هاوکاری و... هتد
- گەشە بدەن بە توانای جڤاکی: سنگفرەوانی، خۆڕاگری، هاوسۆزی و... هتد
- ڕێز گرتن لە دین، زمان و فەرهەنگی جیاواز
- ئاشنابوون بە جێگەی دینیی ناوداری کوردستان و جیهان
- ئاشنابوون بە دابونەریتی دینیی جیاواز
- ئاشنابوون بە جیهانبینی و دیدی جیاواز

بۆ کار کردن بە ئاڕاستەی ئەو ئامانجانە دەبێ کارمەندان

- خۆیان بە بەرپرس بزانن لە پیادە کردنی بەهای بنەڕەتیی زارۆخانە
- بڕوا، پرسیار و ڕامانی منداڵ بەهەند وەربگرن
- زەمینە ساز بکەن بۆ ڕامان، بیر کردنەوە و گفتوگۆ دەربارەی بەهای گشتی
- دەرفەت ساز بکەن بۆ ئاشنابوون بە دەرکی یەکتر، سەلماندنی یەکتر
- یارمەتیی منداڵ بدەن کاتێک گیرۆدەی کێشەیەک دەبن
- نموونە بن لە ڕێز گرتنی دین و فەرهەنگی کەسانی بەرانبەر

## 3.6 ژینگەی دەوروبەر و جڤات

بەشداریی منداڵ لە ژیانی نێو زارۆخانە هەنگاوێکی سەرەتاییە بۆ پەیدا کردنی شارەزایی و بەشداری کردن لە جڤاتێکی دیمۆکراتدا. زارۆخانە دەبێ منداڵ وا ڕابێنێت لە دەرەوەی ماڵەوە بە متمانە و کونجکاوییەوە لەگەڵ خەڵکی نەناس هەڵسوکەوت بکات.

زارۆخانە دەبێ سەرچاوەیەک بێت بۆ زانیاری دەربارەی جڤات و بازاڕ، سروشت و فەرهەنگ. منداڵ دەبێ بەشدار بێت لە تۆژینەوە و پەیدۆزیی ژینگەی خۆی.
ئەزموونە جیاوازەکانی منداڵ لە ماڵ، پەیوەندیی لەگەڵ دۆستان و هەروەها گەشتی دەوروبەر زانیاری دەربارەی دیاردەی جیاواز دەدات بە منداڵ.

لە ڕێگەی کار کردن لەسەر ناوچە و جڤات دەبێ زارۆخانە هەوڵ بدات منداڵ

- متمانەی هەبێت بە بەشداری و کاریگەریی خۆی لە جڤاتدا
- زانیاریی گشتی پەیدا بکات
- شارەزای ژینگەی خۆی بێت
- شارەزای جڤاتی خۆی بێت
- بە ڕێز و دیدێکی یەکسان پەیوەندی کچ و کوڕ ڕاگرێت
- ئاشنای داتاکاری بێت
- ئاگاداری دەنگوباسی ڕۆژانە بێت
- ئاگاداری ڕووداوی جیهانی بێت
- ئاشنای دین و نەتەوەی جیاوازی کوردستان بێت
- ئاشنای داستان، چیرۆک و شابەرهەمی ئەدەبیی منداڵانەی جیهان بێت
- ئاشنای گۆرانی و هونەری منداڵانەی جیهان بێت

بۆ کار کردن بە ئاڕاستەی ئەو ئامانجانە دەبێ کارمەندان

- بەهای مرۆڤدۆستانەی دیمۆکراتی ڕەچاو بگرن
- بایەخ بدەن بە منداڵ و پێگەی منداڵ لە کاری ڕۆژانەدا
- دەرفەت بدەن بە منداڵ ڕا و سەرنجی خۆی دەرببڕێت دەربارەی کاروباری هەمەجۆر
- پێشانی بدەن کە گوتار و ڕەفتاری منداڵ سەنگ و کاریگەری هەیە لەسەر خۆی و لەسەر دەوروبەر
- زانیاری سەرەتایی بدەن بە منداڵ دەربارەی گرینگی مافی مرۆڤ و مافی منداڵ
- بە گوتار و بە کردەوە جەخت لەسەر بەرابەریی کچ و کوڕ بکەن
- کار لەسەر سنگفرەوانی و سەلماندنی یەکتر، دین و فەرهەنگی یەکتر بکەن
- ڕێ بگرن لە هەموو دیاردەیەکی نێزیک بە سەرخستنەسەر
- ڕێ بگرن لە هەموو دیاردەیەکی نێزیک بە ڕەگەزپەرەستی
- منداڵ فێری هاوسۆزی و هاوکاری بکەن بۆ نموونە لە ڕێی ئەدەب و هونەرەوە
- منداڵ فێری وەلاتپارێزی و میللەتدۆستی بکەن لە ڕێی گەشت و سەرەدانی هەمەجۆر
- منداڵ هان بدەن بە دیدێکی ڕەخنەگرانە هەڵسوکەوت لەگەڵ مێدیا بکەن.

## 3.7 ژمارە، شێوە و ئەندازە

منداڵ لە تەمەنێکی زوودا ئارەزووی ژمارە و ژماردنیان لە لا دروست دەبێ. فۆرم و ئەندازە سەرنجیان ڕادەکێشێ. دەکەونە وردبوونەوە و بیرکردەوە و گەڕان بە دوای پەیوەستە و پەیوەندیی نێوان بابەت و دیاردەی جیاواز. منداڵ لە ڕێی گەمە، تاقی کردنەوە و چالاکی ڕۆژانەوە توانای ماتماتیکی خۆی گەشە پێدەدات. زارۆخانە بەرپرسە لە هاندانی منداڵ بەرەو تۆژینەوە و پەیدۆزی لەم بوارەدا.

لە ڕێگەی کار کردن بە ژمارە، شێوە و ئەندازە دەبێ زارۆخانە یارمەتیدەر بێت بۆ ئەوەی منداڵ

- هەست بە شادی بکات لە توێژینەوە و گەمە بە ژمارە و شێوە / فۆرم
- پەیوەستە و هاوکێشەی ئاسان و لەبار بدۆزێتەوە
- فێری ڕێکخستن و گونجاندنی ژمارە و فۆرمی جیاواز بێت
- شارەزابوون، لە لێکۆڵینەوە و گەمە بە قەبارە و شێوە/فۆرم
- فێری پێوان و کێشان بێت
- فێری بەراورد و پۆلێن بێت

بۆ کار کردن بە ئاڕاستەی ئەو ئامانجانە دەبێ کارمەندان

- سەرەنج بدەنە لایەنی ماتماتیکی لە ئاخافتن و گەمەی منداڵدا
- یارمەتی گەشەی ماتماتیکانەی منداڵ بدەن بەپێی ئارەزوو و شێوازی دەربڕینی ماتماتیکانەی خۆی
- ژمارە، شێوە و ئەندازە بکەنە بەشێک لە گەمەی ڕۆژانە
- کونچکاوی و توانای ماتماتیکانەی منداڵ هان بدەن
- سەرنج گرتن و ڕامان لەگەڵ منداڵ دەربارەی وێکچوون، وێکنەچوون، ئەندازە، ژمارە و هاندانی منداڵ بۆ بەکار هێنانی زمان وەک ئامرازێکی لۆژیکانەی بیر کردنەوە.
- لیستۆک (کەرەستەی گەمان) ی هەمەڕەنگ و هەمەجۆر و شێواز بۆ منداڵ دابین بکەن بۆ ڕاهێنانیان بە ڕێکخستن، پۆلێن و بەراورد کردن
- دەرفەت بڕەخسێنن بۆ منداڵ شارەزای دیزاینی جۆراوجۆر بێت
- لە ڕێی گەمانەوە منداڵ ئاشنای پێوانە و کێشانە، ژماردن و مەزەندەکاری بکەن.

# بەشی چوارەم

## پلان دانان و هاریکاری

### پلان دان، دۆکیومێنتبەندی و هەڵسەنگاندن

زارۆخانە مەڵبەندێکی فێرکار و پەروەردەکارە، پێویستی بە پلان دانان، دۆکیومێنتبەندی و هەڵسەنگاندنە. هەموو زارۆخانەیەک سەربەستە لە هەڵبژاردن و بەکارهێنانی شێوازی بەڕێوەبردن و کارگێڕی بە مەرجێک لەتەک پێداویستی و ژینگەی خۆیدا بگونجێت.

دارشتنی پلانی کار دەبێ نەرم و بەرگۆڕین (ئامادەی گۆڕین) بێ بۆ ئەوەی هەر کات پێویست بوو، لەگەڵ خواست و پێویستی منداڵەکان و مەبەستی بەشداربوونیان بگونجێندرێت. بەڕێوەبەری زارۆخانە بەرپرسە لە دارشتن و پیادە کردنی پلانی کار، دۆکیومێنتبەندی و هەڵسەنگاندن. بەڕێوبەری پەروەردەکار (مەبەست لە بەڕێوبەری پەروەردەکاری پێداگۆگە، لە هەر بەشێک پێداگۆگێک بەرپرسە لە دارشتن و هەڵسەنگاندنی بەرنامەکان) بەرپرسە لە دارشتنی بەرنامە، دۆکیومێنتبەندی و هەڵسەنگاندنی ئەو گروپانەی لێیان بەرپرسە.

بەڕێوەبەری زارۆخانە و بەڕێوبەری پەروەردەکار (پێداگۆگ) بەرپرسن لە:

- دیاری کردنی ئامانجی زارۆخانە
- دارشتنی پلانی کار
- کۆ کردنەوەی کارمەندانی زارۆخانە بە ئاراستەی ئامانج و بەپێی پلانی کار
- پێکهێنانی دیدێکی هاوکۆ دەربارەی بەهای بنەڕەتیی زارۆخانە
- بەشداریی خێزان لە کاروباری زارۆخانەدا و ئاگادار کردنەوەیان لە هەموو وردەکارییەکی پێویست
- بەشداریی منداڵ لە سەروکاری زارۆخانەدا

## 4.1 پلان دانان

پلانی باش و گونجاو دەبێتە هۆی دروست بەکارهێنانی هێزی مرۆڤ، کەرەستەی زارۆخانە و هەروەها ژینگەی دەوروبەر. شائامانجی زارۆخانە - کە لە قانوونی زارۆخانەدا جەختی لەسەر دەکرێت – بریتییە لە دارِشتنی پلانی کار، ڕێکخستنی کارمەندان و دیاری کردنی پرۆسەی کار.

پلانی کاری ساڵانەی زارۆخانە سەرچاوە لەم خاڵانەوە دەگرێت:

- زانیاری دەربارەی گەشە و توانای منداڵ
- چاودێری،
- دۆکیومێنتبەندی،
- مەرجی بەرگۆڕان (ئامادەی گۆڕان)
- سیستەمێکی هەڵسەنگاندنی بەردەوام
- گفتوگۆی بەردەوام لەگەڵ منداڵ و خێزان

هەموو زارۆخانەیەک دەبێ پلانی کاری ساڵانەی هەبێت. زارۆخانە بۆ خۆی بڕیاردەرە لە دانانی پلانی کاری کورتتر و شێوازی جۆراوجۆر لە سێبەری پلانی کاری ساڵانەدا. هەروەها دەشێت زارۆخانە پێویستی بە پلانی درێژخایەنیش هەبێت بۆ دەستەبەر کردنی پێشکەوتن و بەراورد کردنی فێربوون و بەسەرهاتی منداڵ لە هەموو ماوەی مانەوەی لە زارۆخانەدا.

گەشەی توانا و ڕێکخستنی کارمەندان دەبێ بەرنامەی دووری هەبێت. پلانی ساڵانەی زارۆخانە دەبێ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە پلانی شارەوانی / بەشی زارۆخانە و شوێنی ژیان و ژینگەی منداڵەوە هەبێت.

پلانی ساڵانە چەندین کاریگەریی هەیە:

- ئامادە کردنی کەرەستە و ئامرازی پێویست بۆ کارمەندانی زارۆخانە بۆ بەڕێوەبردنی کاری خۆیان بە ئاڕاستەیەکی گونجاو
- دەرفەت دان بە خێزان کاریگەر بن لەسەر ناوەڕۆکی پلان و کاری زارۆخانە
- دەستەبەر کردنی دەسەڵاتی چاودێریی شارەوانی بەسەر زارۆخانەدا
- دابین کردنی زانیاری پێویست دەربارەی ڕەوتی کاری زارۆخانە بۆ کەسانی پەیوەندیدار.

ناوەڕۆکی پلانی کاری ساڵ دەبێ زانیاری پێویست دەربارەی چاودێری، پەروەردە، گەمە و فێرکاری لە خۆ بگرێت بۆ دەستەبەر کردنی گەشە و چالاکیی دروست. هاوکاری و هاوڕاییی خێزانی منداڵ لێرەدا زۆر گرینگە. پلانی ساڵ دەبێ زانیاری بدات دەربارەی:

- چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی قانوون و ڕێسای زارۆخانە،
- چۆنیەتیی پیادە کردنی ناوەڕۆکی پلان
- دۆکیومێنتبەندی
- هەڵسەنگاندن
- یاد کردنەوەی ڕۆژانی مێژووکردی میللی و جیهانی
- پلانی گواستنەوەی منداڵ لە زارۆخانەوە بۆ فێرگە
- چۆنیەتیی ڕەخساندنی دەرفەت بۆ بەشداریی منداڵ لە کاروباری زارۆخانەدا

دەربارەی داڕشتنی پلانی کاری ساڵانە

- لە لایەن ئەنجومەنی هاوکارییەوە دیاری دەکرێت
- ڕێگە دەدرێ منداڵ بەشدار بێت لە داڕشتنی پلاندا، ڕاستەوخۆ گفتۆگۆیان لەگەڵ دەکرێت دەربارەی گونجاندنی پلان لەگەڵ خواست و خولیای ئەواندا
- دەبێ دەرفەت بدرێتە خێزان بۆ بەشداریی چالاکانە لە داڕشتنی ناوەڕۆکی پلانی کاری زارۆخانە
- پرسی تایبەت دەربارەی ناوەڕۆک و بایەخ دان بە پێداویستیی منداڵ دەبێ لە لایەن دەستەی ڕاوێژکاری خێزان و ئەنجوومەنی هاوکارییەوە تاوتوێ بکرێت.
- زۆر گرینگە پێشتر پرسوڕا بە خێزان بکرێت دەربارەی خواست و چۆنیەتیی شێوازی بەشدارییان لە دانانی پلانی کاری ساڵ.
- بەڕێوەبەری زارۆخانە بەرپرسە لە داڕشتنی ناوەڕۆکی پەروەدەکارانەی پلانی کاری ساڵ.

## 4.2 دۆکیومێنتبەندی و تۆماری زارۆخانە

زانیاری دەربارەی کاری کارمەندان و چۆنیەتی دۆخی منداڵ بنەمای زۆر گرینگن بۆ گەشەی زارۆخانە. دەکرێت تۆمار (بەڵگەی نووسراو - دۆکیومێنت) ئامرازێک بێت بۆ دۆزینەوەی سەرنجی جیاواز و دەروازەیەک بێت بۆ ڕەخنە و پێشخستنی کار.

تۆماری زارۆخانە سەرچاوەیەکی زانیارییە بۆ خێزان و بەرپرسانی کاروباری زارۆخانە. تۆماری زارۆخانە دەبێ ڕەنگدانەوەی کاری ڕۆژانەی زارۆخانە بێت. لە بەڵگەکاندا دەردەکەوێت تا چ ڕادەیەک ڕوانگەی ئاکار ڕەچاو گیراوە لە گەمان و چالاکیی زارۆخانەدا.

گەر زۆربەی ڕووداوی ڕۆژانەی زارۆخانە تۆمار بکرێن، گوتار و ڕەفتاری منداڵ و کارمەندان بکرێنە بەڵگەی نووسراو، ئەوسا ئەم تۆمارە دەبێتە سەرچاوەیەکی گرینگ دەشێ خێزان سوودی لێ وەربگرێت بۆ سەرنج دان دەربارەی ڕەوتی کار. ئەم تۆمارە دەبێتە کەرەستەی چاودێری و هەڵسەنگاندن.

دەشێ تۆماری زارۆخانە - بە ئاگاداریی، هاوڕایی و سەلماندنی خێزان و سەرپەرشتیارانی منداڵ – بۆ پێشخستنی بارودۆخی منداڵ بخرێتە بەردەست دەزگەی یاریدەری تایبەتکار. ئەگەر ئامانجێکی تایبەتی بۆ منداڵێک دیاری کرا، دەبێ هۆکاری هەبێت و ئامانجەکان بە هاوکاری و هاوئاهەنگی خێزان و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دەرەوەی زارۆخانە دابنرێت.

ئەم جۆرە تۆمارە دەچێتە ژێر قانوونی پاراستنی زانیاری و بە هەستیار و نهێنی دەژمێردرێن. دەکرێت فایلی تایبەت بە پلان دانان و چاودێری کردن لە ژێر مافی خاوەنداریەتی بێت (مافێکە تایبەت بە خاوەنی زانیاریەکە کە دەسەڵات/ دەزگەی چاودێری زانیاری بەپێی قانوون بە خاوەنەکەی داوە). بەپێی قانوونی پاراستنی زانیاری، دەبێ دەزگەی چاودێریی زانیاری مۆڵەت بدات بۆ بەکارهێنانی زانیاریی هەستیار. خێزان مافی هەیە تۆماری منداڵی خۆی بخوێنێتەوە.

## 4.3 هەڵسەنگاندنی کاری زارۆخانە

ناوڕۆک، شێواز و جۆری کاری ڕۆژانە لە زارۆخانەدا کاریگەریی زۆرە لەسەر گەشەی منداڵ. شادی و گەشەی منداڵان بە تاک و بە گروپ دەبێ بەردەوام لە ژێر چاودێری و هەڵسەنگاندندا بێت. هەڵ کردن و هاوکاریی نێوان منداڵان و هەروەها پەیوەندییان لەگەڵ کارمەنداندا دەبێ ڕۆژانە جێی سەرنج و تێبینی بێت. کاری ڕۆژانە بەرانبەر قانوون، ڕێسا و هەروەها پلانی کاری زارۆخانە دەبێ بەردەوام لە شرۆڤە، بەراورد و هەڵسەنگاندندا بێت.

دەربارەی هەڵسەنگاندن

- بەڕێوەبەری زارۆخانە بەرپرسی یەکەمە لە هەڵسەنگاندنی بەردەوام و سیستەمبەند، ئاواڵە و بەرنامەدار.
- بەڕێوەبەر دەبێ هەڵسەنگاندن بە ئاگاداری و هاوڕایی هەم خێزان و هەم کارمەندانی زارۆخانە جێبەجێ بکات.
- دەستەی ڕاوێژکاری خێزان و ئەنجوومەنی هەڵبژێردراوی هاوکاری، دەبێ دەسەڵاتی ڕاستینەیان هەبێت پلانی کاری زارۆخانە بە پێی ئەنجامی هەڵسەنگاندنەکان پێش بخەن.
- جۆر و شێوازی هەڵسەنگاندنی کاری زارۆخانە، ناوەڕۆک و ئامانج، مێتود و پێوەریان لە پلانی کاری ساڵانەدا ڕوون دەکرێنەوە.
- ئەزموون و سەرنجی منداڵ لە پرۆسەی هەڵسەنگاندندا سەنگیان هەیە
- تۆماری زارۆخانە، بەڵگەنامە و هەڵسەنگاندن زانیاریی هەستیارن و دەبێ بە وریاییەوە کاریان لەگەڵ بکرێت. قانوون و ڕێسا هەیە بۆ پاراستنی زانیاری هەستیار و دەبێ ڕەچاو بگیرێن. هیچ زانیارییەکی تایبەت بە تاکەتاکە منداڵ ناچێتە دەرێ.
- تۆمار و بەڵگەنامە و هەڵسەنگاندن بۆ گفتوگۆ و ڕاوێژە لەگەڵ گروپی کارمەندان و لەگەڵ خێزان.

- دەبێ ئەنجامی هەڵسەنگاندنەکان بکرێتە بنەمایەک بۆ کار کردن لە سەر پلانی کاری ساڵی داهاتوو.
- دەکرێ کەسانی دیکەی پەیوەندیدار ئاگاداربن لە ئەنجامە گشتییەکانی هەڵسەنگاندن بە مەبەستی گفتوگۆی فرەوان و پێشخستنی کاری زارۆخانە.
- بەکار هێنانی هەڵسەنگاندن بۆ نۆژەن کردنەوەی باڵەخانەی زارۆخانە بەپێی پلانی دارِێژراو، بە رەچاو گرتنی پێویستیی کۆنکریتی منداڵ و گرووپی خێزان.

کاری هەڵسەنگاندنی بەرنامەدار زارۆخانە دەکاتە سازمانێکی فێرکاری. زارۆخانە دەزگەیەکی خاوەن فەرهەنگ و دابونەریتە، توانای هەمەرِەنگ و زانیاری فرەرِەهەندی هەیە. گرنگە ئەم خەسڵەتانە بەهەند بگیرێن، کاریان لەسەر بکرێت، پێشان بدرێن و ببنە بنەمای کاری فراژووتنی ئایەندە.

## بەشی پێنجەم

## هاریکاری

دابین کردنی خزمەتگوزاریی ڕێک و پوختە بۆ خێزانی منداڵدار ئەرکی شارەوانییە. لەبەر ئەوە دەبێ زارۆخانە باشترین هاوکاری و هاوئاهەنگیی هەبێت لەگەڵ دەزگەی شارەوانیدا بە مەبەستی پێشکەش کردنی باشترین خزمەت بە منداڵ. پێشخستنی بواری پەروەردە و فێرکاری دەبێ هەردەم سەرشاری کاری زارۆخانە بێت. لێرەشدا هەم خێزان و هەم زارۆخانە پێویستیان بە هاوکاریی دەزگەی یاریدەری حکوومەتی دەبێت. لە هاوکاریدا دەبێ هەموو زانیارییەک بەپێی قانوونی پاراستنی زانیاری و نهێنی هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێت.

### 5.1 خوێندنی بنەڕەتی

زارۆخانە دەبێ، بە هاوکاریی فێرگە، ئامادەکاری بکات بۆ گواستنەوەی منداڵ لە زارۆخانەوە بۆ پۆلی یەکەم. ئەم کارە بە هاوکاری و هاوڕایی تەواوی خێزانی منداڵ بەڕێوە دەچێت. شێوازی گواستنەوەی منداڵ لە زارۆخانەوە بۆ فێرگە دەبێ لە پلانی کاری ساڵانەدا دیاری کرابێت.

زارۆخانە و فێرگە هەردووکیان دەزگەن بۆ دابین کردنی چاودێری، فێرکاری، پەروەردە، دەرفەتی گەمە و گەشە کردن. منداڵ لە ڕەوتی فێرکاریی ئەم نێوەندانەدا ڕووبەڕووی هەم وێکچوون دەبێ و هەم جیاوازی. زارۆخانە و فێرگە لە سەریانە زانیاری پێویست دەربارەی کاری خۆیان ئاڵوگۆر بکەن. زارۆخانە و فێرگە بەرپرسن لەوەی منداڵ زەمینەی هەبێت بە ئارامی و ئاسوودەگییەوە لە زارۆخانەوە بەرەو فێرگە هەڵکشێت. بە شادییەوە ماڵاوایی لە زارۆخانە بکات و دیسان بە شادییەوە ڕوو لە فێرگە بکات.

## هاوکاریی نێوان زارۆخانە و فێرگە

- زارۆخانە بەر لەوەی زانیاری دەربارەی منداڵ بداتە فێرگە دەبێ پرس بە خێزانی ئەو منداڵە بکات
- خێزان دەبێ ئاگاداری ناوەڕۆک و چۆنیەتیی گۆڕینەوەی زانیارییەکان بێت.
- گۆڕینەوەی زانیاری و هاوکاریی نێوان زارۆخانە و فێرگە دەبێ بە مەبەستی ڕاهێزانی توانا و کارامەیی منداڵ بێت. بۆ پتەو کردنی لایەنی لاواز و گەشە کردن بێت.
- منداڵ هەیە خاوەن پێداویستیی تایبەتە، هاوکاریی پێشکاتی نێوان زارۆخانە و فێرگە بۆ دابین کردنی پێداویستی و ڕەخساندنی زەمینەی لەبار لەم باسەدا زۆر گرینگە.
- منداڵ لە زارۆخانەدا دەتوانێت داوای جێگە لە چەندین فێرگە بکات.
- شارەوانیی دەبێ ڕێگەیەکی گونجاو و کۆنکرێت بۆ شێوازی هاوکاریی نێوان فێرگە و زارۆخانە بدۆزێتەوە.

## 5.2 خزمەتگوزاریی دەزگەی چاودێریی منداڵ

شائەرکی دەزگەی چاودێریی منداڵ دابین کردنی ژینگەیەکی ئاسوودە و ئارامە بۆ ئەو منداڵەی پێویستی پێیە. هەیە بارودۆخی ژیانی ئاڵۆزە، هەیە باری ساخلەمیی نارێکە. بۆ ئەوەی دەزگەی چاودێریی منداڵ بتوانێت ئەرکی خۆی بەجێ بگەیێنێت بەردەوام پێویستی بە زانیارییە لە دەزگە و کەسانی دیکەوە. کارمەندانی زارۆخانە رۆژانە لە پەیوەندیدان لەگەڵ منداڵدا و شارەزای بارۆدۆخی ژیانیان هەن. زۆر گرینگە کارمەندانی زارۆخانە، زانیاری پێویست بدەنە دەزگەی چاودێریی منداڵ دەربارەی ئەو منداڵانەی بارودۆخی ژیانیان ناهەموارە بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە و بە زووترین کات هاوکاری بکرێن.

هەموو کارمەندێکی زارۆخانە گەر هەست بکات منداڵ هەیە ژیانی نالەبارە و بە شێوەیەکی نادروست رەفتاری لەگەڵ دەکرێت، بەپێی قانوون بەرپرسە لە گەیاندنی زانیاری بە دەزگەی چاودێریی منداڵ و نابێت رەچاو گرتنی قانوونی پارستنی نهێنی بکاتە لەمپەر و کۆسپ لەم کارەدا.

دابین کردنی جێگە بۆ منداڵ لە زارۆخانەدا یەکێکە لە خزمەتگوزارییەکانی دەزگەی چاودێریی منداڵ. ئەم کارە بە رێکەوتنی نێوان هەردوو لا دێتە بریاردان.

زۆر گرینگە زارۆخانە و دەزگەی چاودێریی منداڵ بە شێوەیەکی باش هاوکاریی یەکتر بکەن هەم بۆ دابین کردنی جێگە بۆ منداڵ و هەم بۆ گۆرینەوەی زانیاری دەربارەی دۆخی منداڵێکی تایبەت. دەبێ هاوکاریی نێوان هەر دوو لا بەردەوام و بەرنامەدار بێت. ئەرکی شارەوانییە رێگەی پێویست بگرنە بەر بۆ دانانی خشتەی هاریکارییەکی گونجاو لە نێوان زارۆخانە و دەزگەی چاودێریی منداڵدا.

ئامانجی هەموو دەزگەیەکی پەیوەندیدار بە منداڵەوە خزمەت کردنی منداڵە، دابین کردنی پێداویستیی گرنگی گەشەیەتی. لەم ئامانجەشدا دەبێ هەموو لایەک هاوکار و هاوئاهەنگ بن.

## 5.3 بنکەی ساخلەمی

بنکەی ساخلەمی لە شارەوانیدا بەگشتی بەرپرسە لە بەڕێوەبردن و دابین کردنی پرسی ساخلەمی و گەشەیەکی ئارام بۆ مندالْ. بنکەی ساخلەمی دەتوانێت داواکاری بنێرێت بۆ دابین کردنی جێگە لە زارۆخانە بۆ مندالێک کە پێویستی بە چاودێریی تایبەت هەیە و هەروەها پێشنیاز و ئامۆژگاری بدات بە لایەنی پەیوەندیدار بۆ پێشخستنی مندالْ لە ڕیزی چاوەڕوانیی زارۆخانەدا.

بنکەی ساخلەمی دەکرێت هاوکارێک بێت بۆ گونجاندنی بواری چاودێریی مندالی خاوەن پێداویستیی تایبەت. بنکەی ساخلەمی ئامۆژگاری و ڕێنمایی دەربارەی بەکارهێنانی دەرمان و شێوازی خۆ پاراستن لە تووشبوونی نەخۆشی دەداتە زارۆخانە. لەوەش بترازێت بنکەی ساخلەمی کار لەسەر گەشەی توانای زمانزانیی مندالْ دەکات.

## 5.4 خزمەتگوزاریی فێرکاریی – دەروونناسی

خزمەتگوزاریی فێرکاری – دەروونناسی بەرپرسە لە مندالانی ژێر تەمەنی خوێندن. بە پێی قانوون بەرپرسن لە دابین کردنی هاوکاریی فێرکاریی و دەروونناسی لە زارۆخانەدا بۆ هەر مندالێکی پێویستی پێی هەبێت.

خزمەتگوزاریی پەروەردەیی- دەروونناسی یەکێکە لەو دەزگە شارەزایانەی پاش هەلْسەنگاندن دەتوانێت بڕیار بدات دەربارەی چۆنیەتیی هاوکاریی مندالێک گرفتی جەستەیی و مێشکیان هەبێت. هەروەها دەتوانێت ئامۆژگاری و ڕێنوێنیی دەربارەی پەروەردەی تایبەت و یارمەتیی تایبەت بداتە زارۆخانە.

هەموو هاوکارییەکی نێوان زارۆخانە و دەزگەی دیکە دەبێ بە ئاگاداری و ڕەزامەندیی خێزانی مندالەکە بێت. دەبێ خێزان بە شێوەیەکی چالاک لەو پرۆسەیەدا بەشداربن.

## 5.5 دەزگەی فێرکاری

بەپێی قانوونی فێرکاری، خاوەنی زارۆخانە ئەرکە لەسەریان ڕێگە بدەن بە فێرخوازانی کۆلێژی مامۆستایان پراکتیک و بەشی ڕاهێنانی خوێندنی خۆیان لە زارۆخانەدا ئەنجام بدەن. بەڕێوبەری زارۆخانە و پسپۆڕانی فێرکاریی زارۆخانە ئەرکە لەسەریان هاوکاری و ڕێنوێنی فێرخوازانی تازەدەرچوو بکەن.

زارۆخانە دەبێ هاوکاریی ئەو فێرخوازانەش بکات کە فێرگەی ئامادەیی پیشەناسی دەیاننێرێت بۆ پراکتیک و ئەزموون پەیدا کردن. ماوەی پراکتیکی فێرخوازان دەبێ لە پلانی کاری ساڵدا جێی هەبێت. زارۆخانە دەتوانێت هاوکاریی زانکۆ و فێرگەی دیکە بکات لە بوارەکانی گەشەپێدانی کار و کارامەییدا.

## 5.6 هاوکاری دیکە

دەکرێت زارۆخانە هاوکاری لەگەڵ سازمان و فەرمانگەی دیکەی جڤاتی خۆی بکات. هاوکاری و هاوئاهەنگی لە بواری جیاوازدا بە مەبەستی سەرخستنی ڕاهێزانی توانای منداڵ، فرەواندنی هزر و هۆشیارییان دەربارەی جڤات و ژینگە، سوودی گشتی تێدایە و دەبێ ڕێی بۆ خۆش بکرێت.